گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper21
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 20/01/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 13/10/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2024

# میتۆدی گومان لەنێوان (غەزالی و دیکارت) دا (توێژینەوەیەکی بەراوردکاریی شیکارییە)

کیفی ابوبکر حمد[1] - جوتیار اسماعیل جمال[2] - ئارام قادر صابر[3]
aram.sabir@uor.edu.krd Jutyar.jamal@uor.edu.krd kaify.abubakr@our. edu. krd
[1,2,3]بەشی فەلسەفە و گەشەپێدان، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە، میتۆدی گومــان لە نێوان (غەزالی و دیکــارت)دا، ڕاڤە و ڕونکردنەوەی لێکچون و جیاوازییەکانی هەردو فەیلەســوفە لە پرســی زانین لە گومانەوە بەرەو دڵنیایی. بۆ گەیشــتن بە ڕاســتی و ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم پرســە، کە ســەر بە دو دنیابینی و ســەردەمی جیاوازن لە جیهانی ئیســلامیی ســەدەکانی نێڤین و مۆدێرنەی ئەوروپی، تێز و ئەرگومێنتەکانی هەردو فەیلەســوف لەبارەی گومان وەک ســەرەتا و ڕێگە بەرەو زانین و دڵنیایی خراونەتە بەرباس. ئەمەش بە تیشــک خســتنەســەر، تێڕوانینە سەرەکییەکانیان لەسەر زنجیرەی بەڵگەکارییەکانیان (الاستدلال)، کە چۆن ئارگومێنتەکان بە لەپێشتربونی گومان دەست پێدەکات، تا گەیشتنیان بە ڕاستی. هەرچەندە زۆربەی ئارگیومێنتەکانیان هاوشێوەن، بەڵام لە شــێوازی ڕزگاربونیان لە گومان و گەیشــتن بە دڵنیایی جیاوازییان هەیە، ئەم جیاوازییە ڕیشــەییەش بریتییە لەوەی کە دیکـارت لە ڕێگەی گومـان و بیرکردنەوەی عەقڵانی و کۆجیتۆکەی (من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم) دەگاتە دڵنیایی و ڕاستی، بەڵام غەزالی لە گەشتێکی فەلسەفیی سۆفیگەرانەدا، چاوەڕێی ڕاستییەکە، کە لەلایەن خوداوە بۆی ئاشکرا بکرێت و وەک نورێکی ڕۆشن و ڕۆشنکەرەوە بخرێتە دڵییەوە، کە ئەمەش جۆرێکە لە (ئیشراق) نورهەڵاتن و ڕوناکبونەوەی دڵ.

غەزالی خۆناسین دەکاتە پێش مەرجی زانین و دەڵێت: "پێویستە هەر کەسێک خۆی بناسێت، چونکە هەتاکو خۆی نەناســێت ناتوانێت ڕێگایەک بۆ ناســینی خودای گەورە پەیدا بکات" (الغزالي، 1990، 13). لێرەدا ڕەهەندێکی سۆکراتییانە دەبینین کە دەڵێت 'ئەی مرۆڤ خۆت بناسە'، بەمەش کۆگیتۆی غەزالی و دیکارت

لە خودی مرۆڤەوە دەســت پێدەکەن، ئەو خودە بیرکەرەوەیە، بەڵام لای غەزالی خۆناســین بە خواناســین تەواو دەکرێت و لای دیکارت ئەم پرۆســـە ئیمانییە نابینرێت و تەنها بیرکردنەوەی ئەقڵانی پێشـــمەرجە، کەواتە نوری ئیمان لە دڵدا لای غەزالی و نوری ئەقڵ لای دیکارت، ئەم مشــتومڕەش لە نێوان ئەقڵ و نەقڵ ڕیشەیەکی دورودرێژی هەیە.

بەڵام، ســەرباری جیاوازیی میتۆدیی نێوانیان لە ئەقڵ و دڵ، ئەوا گومان و میتۆدی گومان لای هەردوکیان هەنگاو نانە بەرەو گەیشـــتن بە زانینێکی دڵنیایی دور لە هەمو گومانێک، بۆیە لە میتۆدەکەیان دا هەمو ســەرچاوەکانی زانین و ڕێگاکانی گەیشــتن بە زانین دەخەنە ژێر گومان و لە ســەرجەم شــتەکان گومان دەکەن، بۆ دەست گەیشتن بە زانینی جەختی، بەڵام هەریەکەیان پێگەی جیاواز بە هۆش و هەست، هەروەها ئەقڵ و دڵ دەدەن. لە ئەنجامدا، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەزمونی هەردو فەیلەسوفەکە لە ڕاگرتنی پێشبڕیار و میتۆدی گەیشتن بە ڕاستی گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، ئەگەرچی سەر بە دو جیهانبینی جیاوازی فەلسەفی و ئایینین.

**وشە کلیلەکان**: غەزالی، دیکارت، میتۆد، گومان، زانین، دڵنیایی

## پێشەکی:

توێژینەوە لەســـەر میتۆدی گومان وەک میتۆدێکی فەلســـەفیی، کارێکی ســـانا نییە، بەتایبەتیش توێژینەوە دەربارەی دو سەردەم و دنیابینی جیاواز لەنێوان غەزالی و دیکارت دا کارێکی دژوارە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم بابەتە پرســـێکی جێگەی مشـــتومڕی هەمو ســـەردەمەکان بوە. میتۆدی گومان وەک ڕێگەیەک بۆ بەدەســـتهێنـانی زانینێکی جەخـت و دڵنیـایی لە کۆنەوە تـا ئەمڕۆ ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەبوە، وەک چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ ڕزگار بون لە هەمو هەڵە و ناڕونی و گومانێک لە پرسی زانیندا.

میتۆدی گومان لەتێڕوانینی فەیلەسوفەکان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر گۆڕانی بەسەر داهاتوە، هەریەک لە غەزالی و دیکارت بۆ ڕزگار بون و گەیشــتن بە زانینێکی جەختی میتۆدی گومان دەکەن بە ڕێگەبڕینێکی هزری دروســت، بۆ ئەم مەبەســتەش گومان لە پرۆســەی زانیندا بەگەڕ دەخەن و ســەرجەم ســەرچاوەکانی زانین بە شــایەنی گومانکردن دەزانن، لەمەوە گومان دەکەن بە ســەرچاوەیەک بۆ گەیشــتن بە زانینێک کە شایەنی گومانکردن نەبێت، زانینێکی دور لە هەمو گومان و ناڕونییەک.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە، شرۆڤەکردنی تێگە و میتۆدی گومانە بە شێوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان غەزالی و دیکارت دا، تا بزانین شێواز و ڕێگا جیاوازەکانیان بۆ گەیشتن بە زانینی جەخت چۆن و چین. خستنەڕوی ئەو جیاوازییەی لەنێوان غەزالی و دیکارت دا هەیە لەســـەر میتۆدی گومان پەیوەســـت بە پرســـی زانین، زانینێکی جەخت و دور لە هەمو گومانێک، ئەمەش بە ئامانجی هاندانی مرۆڤ، کە گومان بکات، لەو زانینەی

هەیەتی تا بگات بە زانینی جەخت و دروست. ئەمەش بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییەی، کە گومان وەک میتۆد ڕێگە بڕینێکی دروستی بە دەستخستنی زانینە لە هەمو کات و سەردەم و قۆناغێکدا.

## کێشەی توێژینەوەکە:

یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی بریتییە لە دیاریکردنی پرسیار و کێشەی توێژینەوە. کێشەی توێژینەوەکە لە ناونیشانەکەدا (**میتۆدی گومان لەنێوان غەزالی و دیکارت دا**) سەرچاوەی گرتوە، هەوڵدراوە چیەتی ئەم پرسە ڕاڤە بکرێت، گومان و ڕاستی وەک کێشەیەکی فەلسەفی لەنێو جیهانبینی فەیلەسوفاندا ڕاڤە بکرێت، لەم ڕوانگەیەوە توێژەران گرفتی توێژینەوەکە لە چەند پرسیارێکی سەرەکیدا دەخەنەڕو. هەروەها ئامادەیی غەزالی تاچەند بونی هەیە لە هزرە ڕیشەییەکانی دیکارت-دا؟

پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە: گومان و گومانی میتۆدی چین؟ ئایا پرسی گومان وەک میتۆدێکی فەلسەفی ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە زانینێکی جەختی و دڵنیایی؟ فەلسەفە و فەیلەسوفان چۆن ڕاڤەی گومانیان کردوە؟ میتۆدی گومان لە لای غەزالی و دیکارت چیە؟ هەنگاوەکانی میتۆدی گومان چین؟ غەزالی و دیکارت چۆن شرۆڤەی میتۆدی گومان دەکەن؟ ڕێگاکانی گەیشتن بە دڵنیایی و زانینی جەختی چین لای غەزالی و دیکارت؟ ئایا سەرچاوەی ڕزگار بون لە گومان لای غەزالی و دیکارت هەمان شتە؟

## میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆد وەک بڕبڕەی پەیکەرە و ناوەرۆکی هەر توێژینەوەیەکی زانستیە، توێژەر پێویستە پشت بە میتۆدێک یاخود چەند میتۆدێک ببەستێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی زانستییانە ڕاڤەی بابەتەکەی بکات. بەڵام زۆرجار توێژەر خۆی میتۆد دیاری ناکات بەڵکو خودی توێژینەوەکەیە توێژەر ناچار دەکات بە پشت بە میتۆدێک یان زیاتر ببەستێت. توێژینەوەکە، کە بریتییە لە (**میتۆدی گومان لەنیوان غەزالی و دیکارت دا)**، هۆکار بوە، بۆ ئەوەی پشت بە "میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری" ببەستین بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی زانستیانە کار لەسەر ئەم پرسە بکەین.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گومانکردن ڕێگەبڕینێکی هزرییە لەم ڕێگەیەوە هزرڤان دەتوانێت بە زانینێکی جەختی بگات، لە ڕێگەی گومانەوە هەمو مرۆڤێک دەتوانێت هزری خۆی لە هەمو هەڵە و نا ڕونییەک پاک بکاتەوە بەرەو پنتی دڵنیایی هەنگاو بنێت. چونکە گومان تاکە شتە دەتوانێت بەرە و زانینێکی جەختیمان بەرێ، گومان و میتۆدی گومان زانینی ڕاستی و جەختیمان پێ دەبەخشێت. گرنگە ڕێگەی گومان بگرینە بەر تاکو لەم ڕێگەیەوە بتوانین تاکێکی ژیر و هۆشیاربین، هزرمان پاک بکەینەوە لە هەمو ئەو زانینانەی کە هەڵە و نا ڕونن بە شێوەیەکی ناڕاست وەرمان گرتوە لە ئەو ڕێگە و سەرچاوە زانینانەی کە شیاوی گومانکردنن.

## پلانی توێژینەوەکە:

لە بەشـــی یەکەمدا، بە دو باس تێگە و ڕەهەندەکانی گومان و میتۆدی گومان لە فەلســـەفەی ئەبو حامیدی غەزالی خراونەتە ڕو. لە بەشـــی دوەمدا، لە دو باســـدا گومانی میتۆدی لە فەلســـــەفەی ڕێنێ دیکارت دا ڕونکراوەتەوە، هەروەها لە بەشـی سـێیەمدا، لە پاڵ شـیکاریدا هەوڵدراوە لە کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاوازەوە بەراودی میتۆدی گومان و گومانی میتۆدی لە نێوان هەردو فەیلەسوف دا بکرێت.

ئەم توێژینەوەیە، لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتو و لە هەر بەشێکیشدا باس و تەوەری جیاواز هەن. بەشی یەکەم: ڕەهەنـدەکـان و میتۆدی گومـان لای غەزالی، بـاس دەکەین، بـاســـی یەکەم و دوەم، لە چەنـد تەوەرەیەکیشدا شیکاری گومان لای غەزالی دەکەین. بەشی دوەم: گومانی میتۆدی لای دیکارت، ئەم بەشە دو باس لەخۆدەگرێت کە تیایاندا باســـی گومان لای دیکارت لە چەند گۆشـــە و ڕەهەندێکەوە، دەکەین. لە بەشـی سـێیەمدا بەراوردی میتۆدی گومان لە نێوان غەزالی و دیکارت دەکەین، لەم بەشـەدا لە چوارچێوەی ژمـارەیەک بـاس و تەوەردا شـــــرۆڤەی کـاریگەری و کـارتێکراوی، لێکچون و جیـاوازی نێوان غەزالی و دیکارت دەکەین.

## سەرچاوە و توێژینەوەکانی پێشوتر:

ئەم پرسە، لە نێو توێژەرانی بیانی و بە تایبەت عەرەبیدا جێگەی بایەخ و مشت و مڕ بوە، بە تایبەت کاتێک دێنە سەر پرسی کاریگەری غەزالی بەسەر دیکارتەوە لە بابەتی گومانی میتۆدیدا، لەبەر ئەوەشە لەوبارەوە توێژینەوە نوسراون، کە یەکێک لە دیارترین توێژینەوەکان، کە بە زمانی عەرەبی و شێوەی کتێبی چاپکراو نوســرابێت، دەشــێ بریتی بێت لە توێژینەوەکەی (د. محمود حمدي زقزوق: المنهج الفلســفي بين الغزالي و دیکارت). بەڵام لە ئەنجامی گەڕان و بەدواداچون لە ســـەرچاوە و توێژینەوە کوردییەکاندا، چ بە شـــێوەی ئەلیکترۆنی یان بە شێوەی چاپکراو، توێژینەوەیەکی هاوشێوە بەرچاو نەکەوت.

لەم توێژینەوەیەدا، بە پلەی یەکەم پشــت بە ســەرچاوە و نوســینەکانی هەردو فەیلەســوف بەســتراوە، بە تایبەت کتێبەکەی غەزالی (المنقذ من الضــلال) و کتێبەکەی دیکارت (گوتار لەبارەی میتۆد)، هەروەها پشــت بە توێژینەوەی زانستی و سەرچاوەی دیکەش لەوبارەیەوە بەستراون.

## بەشی یەکەم: میتۆد و ڕەهەندەکانی گومان لای غەزالی

### باسی یەکەم: تێگە و ڕەهەندەکانی گومان

گومان لە ئینســـایکلۆپیدیای فەلســـەفەدا بە حاڵەتێکی دەرونی دادەنرێت کە مرۆڤ لە نێوان ســـەلماندن و ئینکاریدا دودڵ دەبێت واز لە بڕیاردان دەهێنێت، بەهۆی نەزانینی بارودۆخ و لایەنەکانی بابەتەکە، یان بێتوانایی لە ڕاڤە و لێتوێژینەوە لەسەر بابەتەکە(مذکور،١٩٨٣، ١٠٤)، کەواتە گومان لە فەلسەفەدا بریتییە لە هاندانی بیرۆکە و زانیاری نوێ، کە هەمویان بەدوای دۆزینەوەی ڕونکردنەوەدا دەگەڕێن بۆ دەســتخســتنی ڕاستییەکان. گومان وەک زاراوە لە وشەی یۆنانی-لاتینی (skeptizismus) وەرگیراوە، ڕەهەندی لۆجیکی

و ئێپیستمۆلۆژیشی هەیە (عزیز، ٢٠١٦، ٢٢٤) گومان وەک زاراوە، گوزارشت و واتا و چەمکی فرەلایەن و فرەڕەهەند لەخۆدەگرێت، ئەم فرەییەش لە لەوەوە سەرهەڵدەدات کە بەسەر زۆر لایەنی هزری و زانستی ئێپیستمۆلۆژی و فەلسەفی پراکتیزە دەبێت (ڕەسوڵ، ٢٠٠٤، ١٢٧). ئەمەش نیشاندنی ئەو ڕاستییەیە کە گومان تەنها لە چوارچیوەی بابەتێکی دیاریکراو نیە فرەلایەنانە کار لەسەر کۆی کایەکانی زانین دەکات.
گومان مێژویەکی دێرینی هەیە لە کولتوری مرۆڤایەتیدا، لەبەرئەوەی سەرەتای سەرهەڵدانی دەرکەوتنی هزرین دەگەڕێتەوە بۆ گومانی مرۆڤ، لەو دیاریدە سروشتییانەی سەرنجیان ڕاکێشاوە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی ڕۆژانەیەوە هەبوە، چونکە مرۆڤ لە سەرەتاوە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ئاوەزییانە ڕاڤەی ڕودانی ئەم دیاردانە بکات، هەروەها سەرچاوەکانیان دیاری بکات، لەبەر ئەوە هەمیشە بەگومانەوە لەم دیاردانەی ڕوانیوە، بۆ نمونە، نەیتوانیوە لە نێوان دو دژدا بڕیار بدات. لەسەر بنەمای ئەو ڕوانگەیەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کە، مرۆڤ بە بەردەوامی گومانی لە شتەکان یاخود شتێک کردوە، لەم بارەیەوە بیرمەندی "عەرەبی جەمیل صلیبا'١٩٠٢-١٩٧٦" دەڵێت: "گومان نەبونی بڕیارە لەنێوان دو دژدا، کە ئاوەز ئامادەیی تەواوی نییە، بەوەی کە، یەکیان بەسەر ئەوی دیکەیان سەربخات، بەهۆی بونی یەکسانی لە نێوان دو دژەکەدا یان نە بونی هیچ یەکسانییەک" (صلیبا، ١٩٨٢، ٧٠٥) ئەمەش مرۆڤی خستۆتە تێمان لەنێوان دژەکاندا، نەیتوانیوە لە بڕیارداندا خۆی لە گومان ڕزگار بکات.
بەو پێیە گومانکردن لە نەبونی ڕاستی سەری هەڵداوە، هەروەها گومان هۆکاری سەرەکی بوە کە مرۆڤ بەرەو هزرین و ڕامانی ئاوەزییانە پەلکێش کردوە، لە مێژوی ڕێبازە فەلسەفییەکاندا گومانی جۆراو جۆر دەرکەوتون، لەوانە ڕێبازی ئەزمونگەرایی؛ گومانیان لە تواناکانی ئاوەز کردوە، لەبەرامبەر دا ڕێگەی هەستەکی"Sense"یان بە دروستتر داناوە لە گەیشتن بە ڕاستی دا، بە پێچەوانە ئاوەزگەراکان"Rationalists" گومانیان لە هەستەوەرەکان کردوە، و بە ئارگومێنتەکانیان ڕاستییان بە ڕێگەی ئاوەز سەلماندوە، چونکە بە بڕوای ئەوان هەستەکان بێتوانان یاخود کەمتوانان لە گەیشتن بە ڕاستی دا (ڕەسول، ٢٠٠٤، ١٣٠-١٣٣) لەلایەکی دیکەوە ڕێبازی گومانگەرایی ڕەها بەتەواوی گەیشتن بە ڕاستی لەڕێگەی هەستەکان و ئاوەز ڕەتدەکاتەوە ئەم جۆرە گومانە سەردەمێک لەناو یۆنان دا باوبو بەتایبەتی لەلای"پیرۆنییەکان[1]"، ئەوان دەڵێن: 'ناتوانین بە هەستەکان و ئاوەز بە زانین بگەین، بەڵکو دەبێت مرۆڤ خۆی لە بڕیاردان بەدوربگرێت، چونکە هەمو بڕیارێک دو لایەن لەخۆید هەڵدەگرێت "ڕاست – ناڕاست، ئەرێ – نەرێ، باش –خراپ" هەردو لایەن وەک یەک پاساو دەدرێنەوە لەبەرئەوە بەلای ئەوانەوە دانایی ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی لە بڕیاردان بەدوربگرێت و هەمو شتەکان لەنێوان گوماندا بهێڵێتەوە (عزیز، ٢٠١٦، ٢٢٦-٢٢٧).
بەمشێوەیە گومانگەراکان نەگەیشتون بە هیچ ڕاستیەک هەمیشە لەنێو گوماندا، گومانەکانیان تەواو بوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دروستی شتەکان باوەڕیان بە هەستەکان و ئاوەز

نەبوە. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاســـتیەیە کە، گومان ڕێگە بڕینێکی زانین بوە، لە ســـەردەم و قۆناغەکانی جیاجیاکانی فەلسەفەدا، ئەمەش لەپێناو دەستخستنی زانینێکی ڕون و دڵنیا، دور لە ناڕونی و کێماسی. لەم نێوەندەشــدا غەزالی و دیکارت، وەک دو فەیلەســوف زیاتر لە ئەوانی دیکە، جەختیان لە گومان کردۆتەوە وەک میتۆدێکی بناغەیی بۆ بەدەستهینانی زانینێکی ڕاست و دروست لەنێو کایەی زانیندا.

## باسی دوەم: چێوە سەرەکییەکانی گومان لای غەزالی

### تەوەرەی یەکەم: چییەتی گومان لای غەزالی

خۆشــەویســتی غەزالی بۆ زانین و زانســت وایکردوە، فەلسـەفەکەی لەســەر بنەمای دڵنیایی بنیاتبنێت و خۆی بپارێزیت لە هەمو گومانێک، بۆیە غەزالی، گومان وەک ڕێگەبڕینی زانین بۆ گەیاندنی هزر بە ڕاستی و دورکەوتنەوە لە گومان ڕاڤە دەکات، غەزالی[2] بە مەبەســـتی تێکشـــکاندنی بینای فەلســـەفەی کۆن و بیناکردنەوەی فەلســەفەیەکی نوێ گومانی هێنایە ئاراوە، مەبەســتی بو لەم ڕێگەیەوە بگات بە دڵنیایی، لای غەزالی ئەگەر گومانت نەبێت هزرینیش نابێت، چونکە گومانکردن ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە دڵنیایی (الفلاحی، ٢٠٠٣، ٩٤) گەیشـــتن بە زانینی جەختی بنەمای کارکردنی زانســـتی ئەو بو، لای ئەو ڕێباز و ئامانجەکانی گومانی میتۆدی بەڕونی گەشەی نەکردبو، سەرەتا گومانی لە سێنسەکان و ئاوەز کردوە، پاشان باوەڕی بە ڕێبازی ســۆفییانە کردوە، لەم ڕوانگەوە دەڵێت: " گومانکردن هۆکارە بۆ گەیشــتن بە ڕاســتی ، ئەوەی گومان نەکات؛ ناڕوانێت، ئەوەی نەڕوانێت نابینێت، ئەوەی نەبینێت لە نەبینین و نەزانیدا دەمێنێتەوە" (زقزوق، ١٩٩٨، ٧٠) گومان لای ڕزگاربونە لە دۆگمای ماعریفی دەشـــێ مرۆڤ بە ڕێگەبڕینی گومانی میتۆدی خۆی ڕزگاربکات.

غەزالی لە پەرتوکی "المنقذ من الضـــلال"دا باســـی گومان و دڵنیایی دەکات، وێنای زانینی ڕاســـتەقینەمان بۆدەکات(بهار نژاد، ١٣٨٩، ١٤٠)، ئەو دەڵێت: "زانینی ڕاســتەقینە ئەو زانینەیە لە ڕێگەیەوە بابەتە زانراوەکە بەتەواوی ئاشـــکرا دەبێت بۆ "گیان"'روح"'، بە شـــێوازێک نە هیچ گومانێک لەبارەیەوە دەبێت و نە هیچ هەڵەیەکیش لێڵی دەکات. ئەوەش ئاســـتێکە تیایدا دڵ ناتوانێت گومان قەبوڵ بکات یان تەنانەت بیریشـــی لێبکاتەوە. هەر زانینێک نەگاتە ئەم ئاستە لە یەقین، ناتەواوە و گومانی هەڵەی لێ دەکرێت" (کۆربین، ٢٠١٨، ل٢٢٣) کەواتە لای غەزالی دەبێت زانینەکە بگات بە ئاستێک بۆ ڕوحی کەسی گومانکار خۆی بەیان بکات، بگات بە جۆریک لە دڵنیایی کە شایانی هیچ گومانێک نەبێت.

هۆکاری هێنانەئارای گومان وەک میتۆدێکی زانینەکی، لە ڕوانگەی غەزالییەوە، زۆری بۆچونە پێکجیاوازەکان بو لە سەردەمی ئەودا، چونکە لەو سەردەمەدا؛ لەپاڵ پێکجیاوازێتی بۆچونەکان، هەندێکجار پێکدژی و ناکۆکیش سەریهەڵدەدا. لێرەوە غەزالی وایدەبینێت کە گومان لە هەمو ئەو زانینانە، کە بۆ تاک لەگۆڕێن و بەدەستیان دەهێنێت کارێکی پێویستە، ئەمەش بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دڵنیایی، لەم بارەیەوە غەزالی لە

کتێبی"میزان العمل"دا دەڵێت: "گومانەکان گەیینەرن بە ڕاستی" (الغزالی، ١٩٦٤، ص٤٠٩). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر توانای ڕەتکردنەوەی زانین و زانینی هەڵە (الغزالی، ١٩٦٤، ٢٢٨) و نیشاندانی ئەو ڕاستییەیە کە، بەدەست هێنانی زانینی دروست و پاسیڤ ڕێگایە بۆ دورکەوتنەوە لە هەمو ناکۆکی و دژبەریەک کە لەسەر بنەمای نەبونی ڕاستی سەری هەڵداوە.

بەمشێوەیە توخمی سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی گومان لای غەزالی زۆریتی تێڕوانین و باوەڕە لێکجودا و پێکدژەکانی سەردەمەکەی بو، بەهۆی ئەم دۆخەوە غەزالی باسی ئەو هەمو هەوڵ و تێکۆشانەی خۆی دەکات کە داویەتی لە پێناو بەدەست هێنانی زانین و ڕزگاربون لە گومان و گەیشتن بە بژاردە و بڕیارێکی دروست، بەمجۆرە دەڵێت: "ناخەکییەک (الباطني) نەبو شارەزاییم لێی نەبوبێت، ڕوکەشییەک (الظاهري) نەبو لەبەرهەمی ئەو ڕوکەشییەی تێنەگەیشتبم، فەلسەفەیەک نەبو کە لێی نەکۆڵمەوە، کەلامناس (متکلم)ێک نەبوە کە لە مشتومڕەکەی تێنەگەم، سۆفییەک نەبو بە وردی هەوڵنەدەم بۆ تێگەیشتن لە سەرچاوەی پاکی"صفاء"ەکەی" (نەقشبەندی، ٢٠٠٢، لا٩١-٩٢). بەڵام ئەم گوزارشتەی غەزالی تا ئەندازەیەک زیادەڕۆیی تیایدا بەدیدەکرێت، لەسەر ئەو بنەمایەی کە غەزالی لە سەردەم و ناوچەیەکی دیارکراودا ژیاوە، کە جیهان وەک ئێستا کراوە نەبو بەڵکو زۆریش داخراو بوە، بۆیە ئەمە ئەستەمە بۆ کەسێکی وەک غەزالی لەم سەردەمی ژیانی دا توانای بەدەستخستنی ئەو هەمو سەرچاوەیەی هەبوبێت، لەگەڵ ئەوەشدا نکوڵی لە توانا و زیرەکی و لێهاتویی غەزالی ناکرێت. کەواتە دەشێت لە ڕوی میتۆدییەوە ئەم بەرۆکگیرییە ڕەهایەی وتبێت، نەک پشکنینی یەک بە یەکی فەیلەسوف و سۆفی و کەلامییەکان.

غەزالی لە پرسی گومان و گومانە میتۆدییەکەیدا ڕوبەڕوی دۆخێکی تەواو ئاڵۆز بۆتەوە، بەتایبەت لە ڕامان و بیرکردنەوەیدا، لەنێوان بەئاگابون و نائاگایدا، بەجۆرێک کە نەیدەتوانی لە نێوان بە ئاگابون و خەو بینیندا جیاوازی بکات، وەک ئەوەی وتراوە ئێمە کاتێک خەو دەبینین خەیاڵی وەها دەکەین، ئەو خەو بینینە دروسـت بێت، بەڵام کاتێک بۆمان دەردەکەوێت کە خەومان بینیوە ئەوکاتەیە کە بەئاگاین، لێرەوە ئەو دەربڕینەی لە دۆخی گوماندا دەری دەبڕین غەزالی خسـتبوە نێو قەیرانێکی ئاوازی و ڕوحی، بە جۆرێک ژیانی تێک دابو کە داییڕی بو لە سـەرجەم کایەکانی ژیان وەک خوێندن و تەنانەت خێزانەکەشـی (زیدان، ١٩٨٩، ١٧٨). لەسـەر ئەم ئارگیومێنتە، کە لەلایەن غەزالی لە گوماناویدا لە داتا-عەقڵانییەکەیدا: "ئایا ئەوە نابینیت کاتێک کە خەوتوە باوەڕت بە هەندێک شـت هەیە و هەندێک بارودۆخ بە خەیاڵتدا دێت و باوەڕت پێیەتی، ئەوان جێگیر و بەردەوامن و هیچ گومانێکیان نییە کە ئەوە پێگەی خۆیانە؟ پاشـان لە خەو هەڵدەسـتیت و دەزانیت کە هەمو خەیاڵ و باوەڕەکانت بێ بنەما بون و بێ جەوهەرییە" (Al-Ghazali, 2006: 64). ئەم بابەتە دەقاودەق لەلای دیکارتیش دەبینرێت و لە ڕێگەی خەونەوە ڕەوایەتی بە گومان دەدات، کە ئەمەش دەشـێت بریتی بێت لە ڕەنگدانەوە و کاریگەری غەزالی یان فەیلەسـوفانی پیش خۆی لەسەر دیکارت لەسەر پرسی خەون و وەهم و هەستەوەرەکان.

## تەوەرەی دووەم: دەرکەوتنی گومان وەک میتۆدێک لای غەزالی

غەزالی هەمو بابەتەکانی زانست و فەلسەفە و فەیلەسوفان دەخاتە ژێر تیشکی گومانە میتۆدییەکەیەوە، لەم تێڕوانینەوە غەزالی دەگاتە ئەو باوەڕەی کە، مرۆڤ ناتوانێت لە ڕێگەی خوێندنەوەی بابەتە فەلسـەفی و زانسـتییەکان بگات بە ڕاسـتی ، بەڵکو خۆی دوچاری ڕاڕایی و گومان دەکات (مرحبا، ٢٠٠٧، ٦٩٠). کەواتە پەیڤین و تێڕوانینەکانی غەزالی لە گوماندا ئامانجیان ڕەوایەتیدانە بە گومان وەک میتۆدێک، لەبەرئەوە غەزالی جەخت لە بونی یەک ڕاسـتی دەکاتەوە، ئەمەش هاندەرێکە بۆ غەزالی بۆ ئەوەی قسـە لەبارەی گومان بکات، ئەو پێیوایە فرەیی لە زانین و سـەرچاوەکانی زانین؛ پاڵنەری ناوەکی و ناخەکی تاکن تاکو گومان وەک میتۆدێک پیادە بکات، لەم ڕوانگەیەوە غەزالی بۆئەوەی ڕاستی و ناڕاستی لەیەک جودابکاتەوە، پشکنین و گەڕان لە هزر و باوەڕی سەرجەم گروپ و دەستە و پێڕەوەکانمان بە پێویست دەزانێت.

غەزالی لە ماوەی ژیانی دا گەشتی زۆر کردوە و بەزۆرێک لە وڵاتان دا گەڕاوە لە ئەنجامی ئەو گەشت و گەڕانەیدا ئاشنایەتی لەگەڵ جۆرەها ئاین و گروپ و ڕێبازی جۆراوجۆر پەیدا کردوە، بەڵام هیچ کام لەم گروپ و ڕێباز و ئایینە جۆربەجۆرانە نەیانتوانیوە وەکو سەرچاوەیەکی جەختی زانین غەزالی پەسەندیان بکات، لەم بوارەوە دەڵێت: "من لە ناو گێژاوی ئەو ڕێباز و گروپ و ئایینە جیاجیایانەدا ئازاری زۆرم کێشاوە، بۆ ئەوەی بتوانم ڕێگایەکی ڕاست بدۆزمەوە و خۆمی پێ لە لیتە و زەلکاوی شوێنکەوتن"تقلید"ی دەربهێنم، و بتوانم ڕێگا ڕاستەکە هەڵبژێرم، پێویستم بە تێکۆشان و ڕێگەبڕینێکی میتۆدی و ڕۆشنتر هەیە (نەقشبەندی، ٢٠٠٢، ٩١-٩٢)، بەمەهۆیەوە لە ڕێگەی گومانەوە، ئەو لە گومان و ناڕونی ڕزگاری دەبێت.

بەمشـێوەیە غەزالی گومـانی لە ڕێگەکـانی بەدەسـت هێنـانی زانینیش دەکرد، سـەرەتـا گومـانی لە سـێنسـەکان"هەسـتەکان" دەکرد، پێی وابو زانین لە ڕێگەی سـێنسـەکانەوە هیچ دڵنیاییەکی تێدا نیە، چونکە هەسـتەکـان زۆر جـار زانیـاری هەڵەمـان بۆ دێنن، غەزالی هێرش دەکـاتە سـەر هەسـتەکـان بەهۆی بەهەڵەچونیان، ئەو هەستەکان بە دوژمنێکی دیکەی ڕاستی دەبینێت، بۆ نمونە "کاتێک سەیری ئەستێرەیەک لە ئاسمان دەکەین بە بچوکی و بە شێوەی دراوێکی کانزای-دیناری ئاسن دەردەکەوێت بەلام لە ڕاستی دا وانییە، چونکە بەڵگە ماتماتیکییەکان و فزیاییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەندێک لە ئەسـتێرەکان لە زەوی گەورەترن، بەلام لای ئێمە ئەوان بە بچوکی دەردەکەون"، هەر لەبارەی هەستەکانەوە دەڵێت: "لەکوێ متمانە بە هەسـتەکان دەسـتدەکەوێ کە بەهێزترینیان هەسـتی بینینە، کە سـەیری سـێبەر دەکا و دەبینێ وەسـتاوە و نـاجوڵێت و بڕیـاری ڕەتکردنەوەی جوڵەدەدا 'واتـا نـاجوڵێت'" لەمجۆرەیە کە بڕیـاردەری هەستەکان بەهەڵەماندا دەبەن (غەزالی، ١٩٦٠، ٢٢).

بەمشێوازە غەزالی وەک ڕێگایەک بۆ ئەو یەقینەی کە داوای دەکرد؛ متمانەی بە ڕێگای زانینی سێنسی نەما و دەڵێت: "بە تەواوی لە سـێنسـەکان و گرنگییەکەیان ڕامام، کە ئایا دەشـێت گومانیان لێبکەم، لە دواییدا بە گومـانێکی گوڵ کۆتـاییپێهـات، بۆ ئەوەی ڕێگە بە خۆم نەدەم بە شـێوەیەک خۆم بـدەم بە دەسـت

بەرهەستییەکان، گومانێکی فراوانم لێکردن، متمانە بە سێنسەکان و هێزەکەیان لە کوێیە کاتێک سێبەرێکی جوڵاو وەک وەستاو دەبینین و بڕیاری بێ جوڵەکەی دەدەین، دواتر بە ئەزمون و بینین دوای ماوەیەک دەزانین دەجوڵێت، هەروەک ئاشکرایە سێبەر لە یەک کاتدا ناجوڵێت بەڵکو بە شێوەیەکی پلەبەندی دەجوڵێت بەجۆرێک دۆخی وەستانی نییە (عبدالمهیمن، ٢٠٠١، ١٣٥). کەواتە، غەزالی بۆی ڕون بوەوە ناکرێت هەمو هیوایەکی خۆمان بۆ زانین و تێگەیشتن بخەینە سەر هەستەوەرەکان، لەبەر ئەوەی جێگەی متمانەی تەواونین و ناکرێت وەک ڕێگەیەک بۆ دڵنیایی و زانینی ڕەها متمانەیان پێبکەین، بەڵکو پێویستە بەدوای ڕێگەیەکی تردا بگەڕێین بۆ ئەوەی بە بنەمای دڵنیایی بگەین.

دواتر غەزالی پێیوابو زانین لە ڕێگەی ئەقڵەوە زانینێکی ڕونترو گشتگیرترە و دەتواندرێت وەک میتۆدێک بۆ گەیشتن بە دڵنیایی ڕەچاوبکرێت، بە جۆرێک دەتوانین لە جێگەی زانین لە ڕێگەی هەستەکانەوە پشتی پێببەستین، چونکە زانینی ئەقڵی پەیوەندی بە بیرکردنەوەوە هەیە (غالب، ١٩٧٩، ٤٦). بە هۆی ئەو گومانە قوڵەی کە دوچاری غەزالی هاتبو، دو دڵ بو لە پەسندکردنی بڕیاری ئاوەزی وەک بنەمایەک بۆ یەقین، کە ئەوەش ئارەزوی بۆ گومانکردن لە بنەماکانی ئەقڵ لەلا دەرخست، ئەمەش هاوسەنگی نێوان زانینی ئەقڵی و خەونە، غەزالی وایدەبینێت دۆخی بە ئاگاییبون وەک دۆخی نوستوە کە، خەوتو هەمان بینینی دۆخی بێداریی هەیە، ئینجا بەئاگادێتەوە بۆی دەردەکەوێت هەموویان وەهمێک بون، وەک ڕەگەزی سەلمێنراو یان جێگیر خۆیان نیشانی ئەقڵ داوە، بەڵام خەیاڵاتێکن هەرگیز بەدەست نایەن، بەڵکو ئەقڵ دەخەنە گومانەوە، بەمهۆیە ناکرێت متمانە بە ئەقڵ بکەین وەک میتۆدێک بۆ گەیشتن بە جەختی (عبدالمهیمن، ٢٠٠١، ١٣٦).

غەزالی دیالۆگێک وێنا دەکات کە تیایدا هاتوە: "هەستپێکراوەکان گوتی: چۆن دڵنیای کە متمانەت بە ئەقڵ وەک متمانەت بە هەستپێکراوەکانە و پێشتر متمانەت بە من بو، بەڵام بڕیاری ئەقڵ هات و بەدرۆی خستمەوە، خۆ ئەگەر بڕیاری ئەقڵ نەبوایە بەردەوام دەبوی لە متمانەپێکردنم، ڕەنگە لەپشت دەرکپێکردنی ئەقڵیش دادوەر و بڕیاردەرێکی تریش هەبێت، ئەگەر دەرکەوت ئەقڵ بە درۆ دەخاتەوە لە بڕیارەکەیدا وەک چۆن بڕیاردەر و دادوەری ئەقڵ دەرکەوت هەستەکانی بەدرۆ خستەوە، دەرنەکەوتنی ئەو دەرکییە مانای نەبونی یان ئەستەمی بونی سەرچاوەکە ناگەێنێت" (الغزالي، ٧٧٢). لێرەوە، غەزالی تیشک دەخاتە سەر ڕاستییە بیرکارییەکان کە نمونەی زانینە ئەقڵییەکانن، واتا بە باشترین شێوە نوێنەرایەتی زانین ئەقڵییەکان دەکەن، ئەمانیش سنوردار دەکات، کاتێک کە بۆی دەرکەوت ئەمانەش بەتەواوی جێگەی باوەڕپێکراو و بێ گومان نین.

## تەوەرەی سێیەم: کۆتایی گومان و گەیشتن بە دڵنیایی

لە درێژەی گومان لە ژێدەرەکانی زانین و زانیاریی غەزالی پێیوایە کە، ئاوەز سێنسەکان بە درۆ دەخاتەوە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە سێنسەکان ئاوەز بە درۆ دەخەنەوە، وەک ئەوەی ناکۆکییەکی سەخت لە نێوان ئاوەز و سێنسدا هەبێت کە، دواجار لەم نێوانەدا ئاوەز بەسەر هەستەکان سەردەکەوێت، بەڵام دواجار

دەردەكەوێت كە، دادوەری ئاوەزیش مرۆڤ بە هەڵەدا دەبات، كەواتە لە دوای دەركردنی ئاوەز دادوەرێكی دیكە بونی هەیە كە ئـاوەزمـان بە درۆ دەخـاتەوە لە بریـارەكـانی دا، وەک چۆن دادوەری ئـاوەزی سێنسەكانمان لە بریارەكان بە درۆ دەخاتەوە (غەزالی، ١٩٦٠، ٢٤). گونانی غەزالی لە زانی هەستی و ئەقڵی وای كردوە هۆشمان ئاڕاستە بكات ڕوەو پرسیارێک كە دەڵێت: "دورنیە ئەی ئەوەی كە بایەخت بە جیهانی ئەقڵداوە، بۆی هەیە ســـەروی ئەقڵ قۆناغێكی كە هەبێت شـــت دەردەكەوێت، كە لەقۆناغی ئەقڵدا دیارنیە، هەروەها دورنیە ئەقڵ قۆناغێک بێت لەپشت هەستەكانەوە شتی ناوازەو سەیر دەركەوێت، كە هەستەكان هەستی پێ ناكەن"(الغزالی،١٣٨٣، ٢٥) كەواتە بۆ غەزالی دەشێ مرۆڤ بڕوا بە زانینی ئەقڵی ئەقڵیش نەكات وەک زانینێكی تەواو دڵنیای چونكە دەشی گوانی لێبكرێت.

لەمەوە غەزالی لە دەرەوەی ئاوەز بەدوای ســەرچاوەیەكی دیكەی زانیندا دەگەڕێت، وەک چارەســەرێک بۆ ڕزگار بون لە گومان لە زانین ســێنســی و ئاوەزییەكان، لە هەنگاوی دواتردا غەزالی چارەســـەرەكەی لە "ڕوناكی"دا دۆزیەوە، ڕوناكییەک كە لە خوداوە دێت، لەم بارەیەوە دەڵێت: "خود"نفس" گەڕایەوە بۆ دروستی و هـاوســـەنگی و پێویســـتییە ئـاوەزییەكـان، كە گەڕانەوەیە بۆ متمـانەپێكراوێتی و ئـارامی و بڕوای تەواوەو"بێگومانیی"، ئەمەش بە ڕێكخستنی بەڵگە و قسە نەبو. بەڵكو بە ڕوناكی كە خودا فڕێی دایە سینەوە. ئەو ڕوناكییە كلیلی زۆرترین زانینەكانە (الغزالی، ١٩٦٤، ٧٤).

ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاســـتییەیە كە لای غەزالی بەڵگەی ئاوەزی و ســـێنســـییەكان ناتوانن بمانگەیەنە زانینی دڵنیایی، لەبەرئەوە بە ئەزمونێكی ســـەختی گومان دا تێپەڕی وەكو ڕێگەیەكی گەیەنەری دڵنیایی "الیقین". دواتر چوە ژێر چاودێری خودایەتییەوە، لەوبارەوە دەڵێت: "دەرونم گەڕایەوە بارێكی ئاســـایی و دروســـت، زەرورەتە ئاوەزییە متمانەپێكراوەكان گەڕانەوە باری ئاســـای خۆیان، ئەوانە تەنها بەهۆی ڕێكخراوی بەڵگەكـان و ئـاخـاوتنەوە نەبو، بەڵكو لە ڕێگەی ئەو ڕونـاكییە"نور"ەوە بو، كە خودا بە مەزنی خۆی خســـتییە دڵمەوە، ئەو ڕوناكییە كلیلی زۆرینەی زانینەكانە"، غەزالی پێیوایە مەبەســـت لەم ڕوناكییە دۆزینەوەی ناخی دەرونە بە ســوســە/بۆهاتن (حدس) ئەم ســوســەیەش ســەرچاوەی یەكەمی زانینە كە لە زانینی ســەروی ئاوەزی و هەســتییەوەیە. بەم شــێوەیە غەزالی ئاماژە بە ژێدەری ئاشــكرایەتی ســۆفییێتی دەدات وەكو ســەر چاوەی زانینی یەقینی و ڕەها سۆفییەكان خۆیان لە حاڵەتێک دەبیننەوە، كە بێ ئاگان لە خۆیان و دابڕاون لە هەستەكانیان و دۆخێكە لەگەڵ ئاوەز دا نا تەبایە (غەزالی١٩٦٠، ٢٥).

غەزالی لە كتێبی (المنقذ من الضـــلال) ئەم بابەتە زیاتر ڕون دەكاتەوە، كە پێیوایە زانینی ڕاســـتەقینە ئەو زانینەیە لە ڕێیەوە بابەتە زانراوەكە بە تەواوی "بۆ ڕۆح" ئاشـــكرا دەبێت، بە شـــێوازێک نە هیچ گومانێک لەبارەیاوە دەبێت و نە هیچ هەڵەیەكیش لێڵی دەكات. ئەمەش ئاســـتێكە، تیایدا دڵ ناتوانێت گومان قەبوڵ بكات یان تانانەت بیریشـــی لێ بكاتەوە. بەمجۆرە ئەو ڕایدەگەیەنێت كە، هەر زانینێک نەگاتە ئەو ئاســـتە لە یەقین، ناتەواوە و گومانی هەڵەی لێدەكرێت (كۆربین، ٢٠١٨، ٢٢٣). هەروەها، غەزالی لە كتێبی (رســـالة في

المعرفة)دا ئاماژە بۆ پێگە و ڕۆڵی دڵ دەکات لە زانین و دڵنیایی دا، بە جۆرێک لەسەر ڕێبازی سۆفیزم دڵ دەبێتە نێوەندی نوری ئیمان، زانین و دڵنیایی تەنها لە دڵدا شیاوی پێگەیشتنن، دڵی بێ نور تاریک و نەزانە. ئەو پێیوایە کە "دڵ بریتییە لە خودی مرۆڤ و ڕاســـتییەکەی، چونکە دەتوانێت خودا بناســـێت" (الغزالي، 1990، 18). کەواتە غەزالی پرسی ئیمان و زانین پێکەوە دەبەستێتەوە، ئیمانیش بریتییە لە ناسینی خودا و ڕۆشنبونەوەی دڵ.

کەواتە غەزالی لە میتۆدەکەیدا شـوێن هەنگاوێکی دیاریکراو کەوتوە، بە گومان دەسـتی پێکردوە، دەبێ بەرەو دڵنیایی"بێ گومان"ی بەرێت. ئەمەش لەســـەر ئەو بنەمایە بو، کە غەزالی گومانی لە ســـەرجەم سـەرچاوەکانی زانین کرد، لە کۆتا هەنگاودا ئەو فرەیی‌بونی ڕاسـتی ڕەتکردەوە، چونکە ڕاسـتیەک ڕاسـتییە، نەک ئەو فرەییە لە ڕاستی، ئەمەش هاندەر بو بۆ ڕەتکردنەوەی سەرجەم ئەو بیر و باوەڕ و سەرچاوانەی کە پێشتر وەک سەرچاوەی زانین دیاریکرابون، غەزالی میتۆدی گومانی کرد بە ڕێگەبڕینێک بۆ گەیشتن بە زانینێکی دڵنیایی و دور لە هەمو ناڕاســـتی و گومانێک، بەڵام ئەو ڕێزکراو و ڕێکخراوێتییە لە میتۆدەکەی غەزالیدا نابینرێت، وەک ئەوەی کە لای دیکارت بەدیدەکرێت.

## بەشی دووەم: گومانی میتۆدی لای دیکارت

### باسی یەکەم: تێگەی میتۆد و گومان لای دیکارت

لە ڕۆژئاوادا، ســـەرەتا میتۆد هەمان واتای ئێســـتای نەبوە، ئەو بنەما و هەنگاوە ڕێک و دوایەکیانەی نەگرتۆتە خۆی کە هەنوکە لەکاتی بەکارهێناندا لامان دروست دەبێت، لە ئەوروپای سەردەمی ڕێنسانس و بوژانەوە و گۆڕانکارییەکاندا، لەئەنجامی فراوانبونی پرۆســـەی گەڕان بەدوای زانینی زانســـتی دا، چەمکی میتۆدیش وەکو جەوهەری ئەنجامدانی توێژینەوە مانایەکی تری بەخۆیەوە بینی بەوەی کە بریتی بێت لە یاسا و ڕێسایەکی گشتی داڕێژراو بۆ گەیشتن بە ڕاستی و ڕاستییەک لە زانست دا، لەڕوی فەلسەفییەوە میتۆد بریتییە لە ڕێگای ئەنجامدانی کار و بەرنامەیەک بەپێی پلانێکی داڕێژراو واتە نەخشـــەی ڕاپەراندنی ئەو کار و بەرنامەیەی وەکو پرۆژەیەک بەپێی پرۆگرامێکی کاریگەر بۆ ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردن، لێرەدا میتۆد بەمانای نەخشە و پلانێکی داڕێژراو دێت کە، ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو (شوانی، ٢٠١٥، ٣٣). کەواتە میتۆد هەنگاو بە هەنگاو بە گوێرەی ســـروشـــتی بابەت و پرســـەکان لە گریمانەوە و ســـەرەتایەکەوە دەگات بە دەرەنجام، ئەم بابەتەش بە تەواوی لە فەلســـەفەی نوێدا ڕەنگیداوەتەوە، تەنانەت لەلای فەیلەسوفە لۆژیکناسە هاوچەرخەکانیش بایەخی گەورەی پێدراوە.

دیکارت میتۆدی "ئینتۆئیسـیۆن[3]"و "دیدۆکسـیۆن[4]" وەک سـیسـتەم بە گونجاو بۆ کاری زانسـتی دادەنێ. سـوسـە/بۆهاتن (حدس–Intuition) ئەو توانسـتەی مرۆڤە، کە لە سـادەترین ڕاسـتییەکان تێدەگات، واتا ئەو ڕاستییانەی کە هیچ گومانیک(Doubtful) هەڵناگرن، بەڵکو زۆر ئاسان و ڕون و ئاشکران، نمونە خولگەیی بونی بازنە بریتییە لە ڕاســـتی. هەڵێنجان (الاســـتقراء–Deduction) ئەم جۆرە ڕاســـتییەیە، کە بەرێی

سوسەوە دەستگیرکراوە، واتە هەڵێنجان دەبێ هەمو ئەو ڕاستییانەی دی دەستگیر بکات، کە لە ڕاستییە ڕون ئاشکراکانەوە شیاوی هەلهێنجانن (جلال، ٢٠٠٨، ٢٢-٢٣). دەبینین دیکارت میتۆد بە شێوەی لۆژیکی بۆ ئەوە بەکار دێنێت کە نەکەوێتە هەڵەوە و بە زانینی ڕاســـتی بگات (دیکارت، 2015، 102)، ئەمەش بە گرنگ دەزانێت بۆ فەلسەفە و توێژینەوەی فەلسەفی وەک بنەمای فەلسەفی.

دیکارت ئەو میتۆدە نوێیەی لەسەر ئەنجامی بڕینی قۆناغەکانی خوێندن و ڕاهێنانی دەرونی و گەڕان و ئاشنابون بە زانستەکانی سەردەم بردۆتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی گۆڕانێکی ڕیشەی ئەنجام بدات، میتۆدە نوێیەکەی لەسەر بنەمای ڕون و ئاشکرایی و دیدۆکسیۆن هەڵدەبەستێت، تاکو بتوانێت بە جەختی زانین و زانست بگات و بە تەواوی خۆی لە نەزانین و شێواویەکانی سەردەم ڕزگار بکات، هەروەها بە پێی ئەم میتۆد نوێیە گۆڕان لە ڕوانگە و میتۆد و ئاڕاستەکان دا دەکات، دیکارت بەڕێگابڕینی هزری (ئاوەزگەرایی) گەرەکییەتی بەتەواوی خۆی لە کێماسییەکان و نائاشکراییەکان دەرباز بکات، چونکە بە جەختی یەک ڕاستی بونی هەیە کە بریتییە لە ڕون و ئاشکرایی، هەروەها پێیوابو ناتوانێت بە هیچ زانینێکی مسۆگەر بگات، ئەگەر بەپێی میتۆدی دیدۆکسیۆن هزری ئاڕاستە نەکات و ئەزمونی زۆری سەبارەت بە تێگەکانی ئەم میتۆدە نوێیە نەبێت، تاکو لە بڕیارە ئالۆز و ئاوێتەکان دا بەڕون و ئاشکرایی بگات، هەروەها دیکارت لە ڕێگابڕینی هزری ئاوەزگەرایی دا لۆژیک و ماتماتیک وەک دو بنەمای گرنگ وەردەگرێ، لۆژیک وەک ڕێسای ئاوەز بۆ ئەوەی لە ساتی بڕیاردان دا نەکەوێتە دژبێژی، ماتماتیک وەک زانستێکی جەخت چونکە لە خودی خۆی دا ڕون و ئاشکرایە، دەرئەنجامەکانی بە مسۆگەری ڕاستن.

میتۆد لای دیکارت، بریتییە لە ئەو ڕێگابڕینەی کە سەبژێکتی هزرڤان ڕیالیزەی دەکات بۆ زیادکردنی زانین تاکو هێدی هێدی دەگات بەو پنتەی دەتوانێت پێیبگات، بە پێی ئەو ڕێگابڕینەی سەبژێکتەکە ڕیالیزەی دەکات سەرەڕای ناتەواوی و کورتی تەمەن، بۆیە میتۆد پەیوەندی بە هێزی زانستەوە هەیە وە ئامرازێکە بۆ فەیلەسوف و زانایان، هەروەها پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە لۆژیکەوە هەیە (بلدي، ٥٩). کەواتە میتۆدەکەی دیکارت لە مەغزایەکی فراواندا ڕێگابڕینێکی ئاوەزییە بۆ گەیشتن بە زانین، واتا زانین لە ڕێگای سەروەری ئاوەزەوە دەستگیر دەبێت، نەک ئەوانی دیکە بڕیارمان بۆ بدەن، هەروەها لۆژیک وەک سەرچاوەی سەرەکی ئەم میتۆدە دەخرێتە کار، لەم بارەیەوە دیکارت دەڵێت: "کاتێک تێگەکانمان بەپێی یاسایەکی لۆژیکی سیستەماتیزە دەکەین، لێرەوە زانینمان هێدی هێدی فراوان دەبێت تا بەڕون و ئاشکرایی دەگەین بەو ڕاستی ەی مەبەستمانە ئاوەڵای بکەین، بێگومان تێگە ئاوەزییەکانمان ئەو تێگانەن کە بە ڕەهایی لە ئاوەزی هەمو تاکێک دا بونیان هەیە بۆیە ئاوەز چاکترین شتە کە بەیەکسانی لەنێوان مرۆڤەکان دا دابەش بوە، هەمو تاکێک بەشی خۆی بەتەواوی پێ بەخشراوە تەنانەت ئەو کەسانەش کە ناتوانن باوەڕ بکەن خاوەنی ئەو پێدراوە گەورەیەن، چونکە هەوڵ نادەن ئەو زانینەی هەیانە لە ڕێگەی میتۆدەوە زیاتری بکەن لەبەر ئەوە هۆکاری هەڵە کردن ناگەڕێتەوە بۆ نەبونی ئاوەز، بەڵکو لە چۆنیەتی بڕیارەکان دایە، هەروەها بە جیاوازی نەکردنی

لە نێوان چاکە و خراپە دایە، چونکە لە ڕاستی دا ئاوەز گەورەترین هێزی زانینە (دیکارت، ١٩٣٠، ٣-٤). کەواتە زانین تەنها پرسێکی ئێپیستیمۆلۆژی نییە بەڵکو پرسێکی ئۆنتۆلۆژیشە لە هەمانکاتدا، چونکە بونی مرۆڤ وەک سەبجێکت پەیوەستە بیرکردنەوە و زانینەوە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە دیکارت زۆر بە قوڵی جەخت لەسەر گرنگی و ڕۆڵی ئاوەز دەکاتەوە، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەنا کە ئاوەز هێزێکی مەزنی لە زانین و بونی مرۆییدا هەیە، بەڵکو وەک ئەوەی لە گوتە بەناوبانگەکەیدا ئاماژەی پێکردوە چونکە "لە نێو هەمو شتەکانی گەردوندا، ئاوەز بە دادپەروانەترین شێوە لە نێوان خەڵکدا بەشکراوە، چونکە هەموان بڕوایان وایە بڕی پێویستیان لە ئاوەز پێدراوە" (دیکارت، 2015، 49). کەواتە دیکارت بە شوێن خاڵی هاوبەش و هێزی زانینی هاوبەش لە نیوان مرۆڤەکاندا دەگەڕێت، تا لە پرسی زانین و هزریندا کۆک بن و ڕاستیی ڕەها لە ئاوەز وەرگرێت کە هاوبەشە لە نێوان مرۆڤەکاندا.

دیکارت گومانی کردە ڕێباز و میتۆدێک کە، لەم ڕێگەیەوە کەوتە گومانکردن لە هەمو شتێک، لە هەست و نەست و بینین و بیستن. هێندەی نەمابو بەهۆی ئەم گومانکردنەوە ئاوەزی لەدەست بدات، ئەو کاتەی هەوڵی دەدا عەقڵانیەتی خۆرئاوا دابمەزرێنێت، دواجار گەیشتە چارەسەرێک، ئەو چارەسەرەش کۆگیتۆکەی بو "من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم "'cogito ergo sum'" واتە دەتوانم گومان لە هەست و نەست و چاو و گوێم و هەمو شتێک بکەم، بەڵام ناشێت گومان لەوە بکەم، کە من گومان دەکەم، واتە بیردەکەمەوە، کەواتە من خودێکی بیرکەرەوەم. لێرەوە یەکەم پرەنسیپی میتۆدەکەی دارِشت، "ناتوانم هیچ شتێک یان هیچ بۆچون و ئایدیا و هزر و باوەڕێک قەبوڵ بکەم، تەنها دوای ئەوە نەبێت، کە دەیانخەمە ژێر پرسیار و گومانەوە، ئەگەر بە سەرکەوتوی ئەو تاقیکردنەوەیان بڕی ئەوا ڕاستن، ئەگەرنا، ئەوا توڕیان دەدەمە ناو چاڵی هەڵە و گومڕاییەوە "(صالح، ٢٠١٦، ٦٩-٧٠). ئەمەش دەرخەری ئەو تێگەیشتنەیە بۆمان کە نابێت هیچ شتێک هەبێت کە نەتواندرێت بخرێتە ژێر گومانەوە و بە کێڵگەی گوماندا تێپەڕنەبێت، ئەمەش لە هزردا پەیوەستە بە ژمارەیەک هەنگاو و قۆناغی ڕێکخراوەیی نێو هزرمانەوە.

### باسی دوەم: هەنگاوەکانی گومانی میتۆدی لای دیکارت

گومان یەکەمین هەنگاوە لە تێڕامانی فەلسەفیدا و هەنگاوێکی چالاک و کاریگەر و بنەڕەتییە، خودی گومان تێڕامانێکی ڕاوەستاوە لە کاتدا و پێویستی بە قۆناغەکانی ڕێکخستنە لە بابەتە سادە و ئاسانەکانەوە بۆ بابەتی سەخت و ئاڵۆز، لە کۆتاییدا دەگاتە ئەنجامێک کە دەبێتە دەرچەیەک بۆ گەیشتن بە دڵنیایی فەلسەفیی ڕون و تەواو (غالب، ٢٠٠٥، ٨٢-٨٣). گومان بریتییە لە پنتێکی میتۆدییانە و بۆ دەرچون لەم گومانەیش دەبێ بێگومانی خۆی بچەسپێنێ (جلال، ٢٠٠٨، ٢٥). ئەمەش چونکە گومان لە کۆجیتۆی دیکاریدا بنەمایە بۆ زانین و بونی سەبجێکت.

دیکارت، لە کتێبی (چەند وردبونەوەیەک لەبارەی مێتافیزیکەوە) لە یەکەم بەشدا بە ناوی (وردبونەوەی یەکەم) دان بەوەدا دەنێت کە هەمو ئەو ئەو بیروڕا زۆروزەبەندەی کە لە تافی لاوێتییەوە وەریگرتون

جێگەی گومانن و ئەو بیروڕایانەی کە بە ڕاستم دانابون، دەبێ خۆمیان لێ ڕزگار بکەم و بنچینەیەکی پتەو بۆ زانست و زانین دابڕێژم (دیکارت، ٢٠١٦، ٣٢). گومانی دیکارتی بریتییە لە دۆخێکی هۆشەکی بیرمەندانە، هیچ ڕاســتییەک وەرناگرێت چونکە لەو باوەڕەدایە پێویســته خۆی بەدوای ڕاســتی دا بگەڕێت، تا بە بێ گومانی پێی بگات لەم بارەیەوە دیکارت دەڵێت: " پێویســـته گومان بکەین، چونکە بە ڕوانگە ڕەمەکییەکان ناتوانین بگەین بە هیچ ڕاســتییەک، بەڵام بە گومانکردن دەتوانین بە ڕاســتی بگەین، هەروەها دەتوانین لە ڕێگەی گومانی میتۆدییەوە داواکارییەک ســـەبارەت بە ئیدێکانمان بەرزبکەینەوە، لەبەر ئەوە گومانکردن تاکە بنچینەیە کە تەواوی ئیدێ هۆشـــەکییەکان و تواناکانیان دەپشـــکنێ" (زقزوق، ١٩٩٨، ٨٨-٨٩). کەواتە پنتی دەرچونی دیکارت گومانە، بەڵام لە گومانەوە بۆ گومان و بازنەی داخراوی گومان نا، بەڵکو بە ڕێگەی میتۆدەوە بەرەو ئەنجام و ساغکردنەوەی گومان بە ڕاستی و دڵنیایی لە زانیندا.

دیکارت لەسـەرەتا دا بۆ گەیشـتن بە زانینی یەقین لەخۆی پرسـی: " ئایا لە ڕاسـتی دا بنەمایەک بونی هەیە، تا بتوانم گشـت زانیاری و فەلســەفەی لەســەر بنیات بنێم و جێگای گومان نەبێت؟" چارەی دیکارت بۆ ئەم مەبەستە بریتی بو لەوەی، کە لەهەر شتێک گومان بکات. ئەو دەی ویست هەمو شتێک لەسەرەتاوە دەست پێ بکات هەر بەم هۆیەش بە پێویســـتی دەزانی کە بەهەمو زانیارییەکانی خۆی لە بەرهەمســـتییەکان "مەحسـوسـات" و ماقولات و بیسـتراوەکان دا بچێتەوە (حەقپەرسـت، ٢٠٠٩، ٤٦-٤٧). دیکارت لە نوسـینی " لێهزرینەکان ســـەبارەت بە یەکەم فەلســـەفە" دا لە گومانی ڕیشـــەییەوە ســـەرچاوە دەگرێ، تاکو لەســـەر بناغەکەیی هەمو شـتێک بخاتە ژێر پشـکنینەوە. بەڵام گومانەکەی دیکارت گومانگەرایی"سـکێپـسـیسـتی" نییە، واتا گومانێک نییە، لە نێو گومان خۆیدا تەواو ببێ، بەڵکو تەنها گومانێکی میتۆدیە: گومان بریتییە لە پنتێک، وەســـتانێک کە دواجار بێگومانی خۆی دەســـەلمێنێت (جلال، ٢٠٠٨، ٢٥). کەواتە گومان کاتێک دەبێت بە میتۆدی کە بەرەو بێگومانی و سەلمێنراوی بڕوات، بەمەش گومانەکە خۆی دەبێتە پنت و سەرەتا و بەشێک لە پرۆسـەی زانین و دڵنیایی، بەڵام بۆ گەیشـتن بە جەختی و دڵنیایی و لە هەڵوەشـێنەرەکەیەوە، کە بریتییە لە گومان، دەست پێدەکات بۆ ئەوەی بە ڕەهایی بمێنێتەوە.

بەمشـێوەیە، گومانی میتۆدی کە دواتر بە گومانی شـێوە دیکارتی ناوی دەرکرد دەسـت پێکرد. دیکارت ئەم گومانەی لە هەر شـــتێکی تر لا باشـــتر بو. تا ئەو جێگەیەی گومانی کرد لە جیهانی دەرەوە، لە یەکەم وردبونەوەی شـەش وردبونەوە میتافیزیکییەکەیدا، بە گومان دەسـت پێدەکات سـەبارەت بە خۆی و جیهان، کە ئایا دەبێت خەونێک نەبن؟ هەر لەوێدا گومـان لە هەســـتەکانی دەکات، هـاوکـاتیش دەڵێت لەوانەیە شـەیتانێکی هەڵەبەر فریوم بدات کاتێ شـتەکان و جیهانم بەمشـێوەیە نیشـان دەدات (دیکارت، 2005، 27). دیکارت گومانی لە هەمو شتێک کرد و هیچ بنەمایەکی باوەڕپێکردنی ڕەهای نەهێشتەوە، بەڵام لە ئەنجامدا بەو باوەڕە بێگومانە گەیشت، کە بە شوێنییەوە بو، ئەوەی کە من دەتوانم گومان لە هەر شتێک بکەم بەڵام ناتوانم دو دڵ بم ســـەبارەت بەو ڕاســـتییەی کە گومان دەکەم، کەواتە گومانکردنی من بابەتێکی دڵنیا و

جەختە، ئەوەی گومانی لێناکرێت ئەوەیە کە گومان دەکەم، بەمپێیەش گومان خۆی جۆرێکە لە ئەندێشـــە و هزر، بەمەش ڕاســـتەقینە ئەوەیە کە من بیر دەکەمەوە چونکە گومـان دەکەم، لەمەشـــەوە دەگەین بەو دەرەنجامە کۆجیتۆییەی کە (من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم).

ئامانجی دیکارت لە گومانکردن گەیشـــتن بو بە بنەمای زانســـت و زانین، لەبەر ئەوە گومانەکەی لە پنتێک سەرچاوە دەگرێت، کە نەبونی هیچ ڕاستییەک و گومانکردنە لە هەر ڕاستییەک. دیکارت پێیوایە کە پێویستە گومان لە هەمو شتێک بکەین، چونکە گومان تاکە شتە دەتوانێت بەرەو ڕاستیمان بەرێت، بەلایەنی کەمەوە تاکە پەیوەندیی لە نێوان من و شـــتەکان دا کە بیریان لێ بکەمەوە گومانە. هەروەها گومان بریتییە لە بیرکردنەوەی بەردەوام ســـەبارەت بە ژیان و شـــتەکانی ناو جیهان. کەواتە مرۆڤ لەکاتی زانین دا دەبێت هەردەم ئاگای لەوە بێت کە، بە سادە و ساویلکەیی هیچ شتێک بەڕاستی دانەنێت، بابەتە ئاڵۆز و ناڕونەکان دابەش بکات، تاکو بە یەکە بناغەیەکانی ڕون و ئاشـکرایی بگات، لەنێو هزرین دا بە شـێوەیەک ڕێکخسـتن ئەنجام بدات، کە لە ئاســـانەوە بۆ ئاڵۆز هەنگاو بنێت هەمیشـــە زانینی بابەتەکەی بپشـــکنێت تاکو بۆی دەرکەوێ کە داخۆ کامڵە" (جلال، ٢٠٠٨، ٢٤). ئەمەش بەکارهێنانی میتۆدەکانی شـــیکاری و ئاوێتەکاریی و سەرژمێری و ساخکردنەوەیە تا بە شێوەی میتۆدییانە و لۆژیکیانە گومان بەرەو ڕاستی تێپەڕێنین.

بۆ ئەم هەنگاوانە، دیکارت لە ناو یاســا لۆژیکییە جۆر بە جۆرەکاندا، چوار هەنگاوی میتۆدی هەڵدەبژێرێت: یەکەم، هیچ شـتێک سـەرەتا بە ڕاسـت دانانرێت و شـیاوی گومانە، بەمەش خۆمان لە هەڵە و پێشـبڕیاری بەپەلە دەپارێزین. دوەم، هەر بابەت کێشـەیەک دەبێت شـیکارییانە بۆ بەش و بنەما پێکهێنەرەکانی دابەش بکرێت و ســادە بکرێتەوە. ســێیەم، بیرکردنەوە کردەیەکی ئاوێتەکاریی ئاڵۆزە بۆ ئەوەی لە بابەتە ئاڵۆز و ئاوێتەکان تێبگات. چوارەم، پێداچونەوە و ســـەرژمێریی و پاســـادان لە کۆتایی پرۆســـەکەدا گرنگن تا زانینەکەمان بە تەواوی و دروســـتی ســـاخبکەینەوە و بزانین هیچمان بیرنەچوە (دیکارت، 2005، 126-127). دەبینین ئەم هەنگاوانە کرۆکێکی گرنگی میتۆدی دیکارتین، کە ئەمە لای هیچ گومانگەرایەکی دیکە نابینرێت تا بە شێوەی هەنگاوی لۆژیکییانە گومانەکانی بەرەو دڵنیایی و ڕاستی ببات.

لێرەوە دیکارت پنتێک دەدۆزێتەوە کە شـــیاوی گومان لێکردن نییە: گەرمن ســـەرجەم پێشـــبینییەکان لە دەرونم دور بخەمەوە، ئەوا هەر خودی من دەمێنێتەوە: واتا ئەوە دەمێنێتەوە کە گومان دەکات. من ناتوانم لە لێرە بونی خۆم گومان بکەم، چونکە بۆ ئەوەی من بتوانم گومانی لێ بکەم، ئەوە من، خودی گومانکەر، دەبێ هەبم. کەواتە: کاتێک من دەهزرێم "من گومان دەکەم" (هەمان، ٤٤). ئەوەتا من هەم. ئەمەش بریتییە لە دڵنیاترین زانین کە دەشـــێ هەمبێت. ئەم زانینە ڕون و ئاشـــکرایە و هاوکات ئەوە دەردەخات، کە ڕاســـتەقینەترین جەوهەری دەرون خۆی لە هزریندا دەبینێتەوە. بەمەش دەرون بریتییە لە جەوهەری هزرڤان- ئەمە یەکەم ڕاســتی ئەزەلییە، لەبەر ئەوەی ئەم جەختییە، بە خود بە ئەگابونەوە پابەندە گەرەنتی بۆ ڕاســتیی تەواوەتی دەگات، دیکارت لێرەوە ئەو دەرئەنجامە وەردەگرێ، کە دەبێ ســەرجەم بیرۆکەکانی

دیکە، کە بەهەمان شێوە کە بەڕون و ئاشکرایی دێنە ناخەوە وەک ڕاستی ببینرێن، بەمشێوەیە بیردۆزەکانی دیکەش شیاوی دۆزینەوەن.

دواتر دیکارت دوەم هەنگاوی میتافیزیکی بەناوبانگی خۆی دەنێت، هەوڵدەدات لەو کۆگیتۆیە دەربچێت کە بیرۆکەکەی وەک خۆئاگاداری تێدەگات و لە خود-دا وەک کۆگیتۆدا دەردەکەوێت. یەکەم: خودا بیرۆکەیەکی زگماکی تەواو و بێ کەموکورتییە، ئەو کە سەرچاوەی ئیگۆ نییە چونکە ئەو جۆرە کامڵییەی نییە. خودا خۆی دەبێت سەرچاوەی ئەم بیرۆکەیە بێت و سەربەخۆ لە زانینی بابەت، لەبەر ئەوەی تەواو و بێ کەموکورتییە، دوەم: بەو پێیەی خودا تەواو و بێ کەموکورتییە، ناشێت فریودەر بێت، و ئەگەر مرۆڤ مەیلی بەهێزی هەبێت بۆ بونی خودا؛ ئەوا دەرکی بونی واقیعییانەی جیهانی دەرەکی و دەوروبەر دەکات، لێرەوە ئاشکرادەبێت کە جیهان واقیعە و خودا ئافراندویەتی (Alwahaib, 2017, 29-30). بەڵام هێشتا ئەم ئارگیومێنتەی دیکارت نابێتە هاوشێوەی پەیوەندی نێوان فەلسەفە و ئیمان، یان خود و خودا لای غەزالی، چونکە دیکارت ئاوەزی بە پلەی یەکەم و خاڵی دەرچون داناوە، هەروەها کاری بەسەر گونجاندنی فەلسەفە و ئایینەوە نییە.

## بەشی سێیەم: بەراوردکردنی میتۆدی گومان لە نێوان غەزالی و دیکارت دا

### باسی یەکەم: لێکچون و جیاوازی

غەزالی و دیکارت لەڕوی کات و زەمەنەوە دابڕانی نێوانیان نزیکەی پێنج سەدە بو، هەروەها لە ڕوی ژینگەییەوە لە ژینگەیەکی تەواو جیاوازی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ئایینی دا ژیاون، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوکیان لەڕوی هزریەوە خاڵی لێکچو و جیاوازیان سەبارەت بە میتۆدی گومان هەبو، دەتوانین بڵێین لێکچوییتی نێوانیان بوەتە هۆکاری دەرکەوتنی پرسیار و گرفتی توێژینەوەکەمان کە سەرنج ڕاکێشێت لەوەی کە لەگەڵ بونی جیاوازی لەڕوی کات و سەردەمەوە ؛ هاوشێوەیی لە ڕوی هزر و ڕێگەبڕینی لێتوێژینەوەوە. لە خوارەوە گرنگترین خاڵە جیاواز و لێکچوەکان لەنێوان غەزالی و دیکارت لە دو تەوەرەدا خراونەتەڕو:

#### تەوەرەی یەکەم: لێکچونی غەزالی و دیکارت لە بابەتەکانی گومان و زانین

✓ هەریەک لە غەزالی و دیکارت پشتیان بە میتۆدێک بەست، کە بناغەکەی گومانی میتۆدییە، ئەمەش واتە وازهێنان لە میتۆدە میراتییەکان و ڕەتکردنەوەی فرە ڕاستی و گەڕان بەدوای یەک ڕاستیدا. هەروەها ئاماژەی ڕەتکردنەوە یاخود ڕازینەبونی بە ڕێبازێکی دیکەی کاریگەر لە مێژوی فەلسەفەدا ئەویش ڕێبازی گومەنگەراییە، واتە وەستاندنی بڕیار لەنێوان سەرجەم پێدراو و بژاردەکاندا و هێشتنەوەی هزر لە بێ لایەنی و ناڕونیدا، هەریەک لە غەزالی و دیکارت دژەبری ئەم جۆرە هزرینەبون لە بواری فەلسەفەدا و ڕێچکەیەکی نوێ و جیاوازیان گرتەبەر کە بریتییە لە پەیڕەکردنی

میتۆدێک وەک ئامراز و کەرەستەیەک لەپێناو گەیشتن بە هەنگاوێکی دواتر کە بریتییە لە دڵنیایی و یەقین.

✓ گومانی میتۆدی لای غەزالی و دیکارت، بەستراوەتەوە بە ئەزمون و هەوڵی تاکە کەسی و تێرامانی فەلسەفی (بلدي، ٤٨-٥٣). هەروەک ئەوان لەڕێگەی وردبونەوە لە دیاردە و تێڕوانین لێکجودا و هەندێجار پێکدژەکان؛ لێرەوە ئەوان گەیشتنە قۆناغێک کە لە هەناو و ماهیەتی هزرینی قوڵی تاکییانەی خۆیانەوە دەرکەوتو و بوە ڕێچکە و تایبەتمەندی خۆیان بەم جۆرە میتۆدە بەخشی و ڕوانگە کەسییە فەلسەفییەکانیان تیادا ڕەنگڕێژ کرد.

✓ هەردوکیان بە گومان لە زانیارییە هەستەکییەکانەوە دەستیان پێکرد، هەروەها هەردوکیان ڕەخنەیان لە خەڵەتاندنی هەستەکان و ئەقڵ گرت. ئەم گومان کردنە لە هەستەکان و جەستە خاڵێکی بەرچاوی هاوشێوەیی و لێکچوییتی نێوان دیکارت و غەزالی بو.

✓ هەریەک لە غەزالی و دیکارت بانگی ڕزگاربوذیان لە بڕیارە پێش وەختەکان و خەیاڵ و لاسایکردنەوە، لەپێناو گەیشتن بە زانینێکی دڵنیایی بەرزکردەوە.

✓ کەواتە لەمەوە دەردەکەوێت کە هەردو فەیلەسوف سەبارەت بە "گومان" وەک چەمک و وەک میتۆد یاخود وەک ئامرازێک بۆ تێپەڕاندنی ناڕونی و بێمتمانەیی هاوشێوە بون، لێرەوە پرسیاری ئەوە سەردەردێنێ کە جیاوازی نێوان غەزالی و دیکارت سەبارەت بە چەمکی گومان وەک پرسێک و میتۆد چییە؟ ئایا تاچەند خاڵە لێکجوداکانی نێوانیان شایانی ئەوەیە ئەوان بکات بە دو بیاری لێکجودا بەجۆرێک کە بگەینە ئەو باوەڕەی کە دیکارت بەبێ بونی زانیاری و ناسینی غەزالی ڕێبازە فەلسەفییە تایبەتەکەی بنیادناوە و شوناسێکی خۆرئاواییانەی لە ژینگەی فەڕەنسا پێبەخشیوە؟

### تەوەرەی دوەم: جیاوازی غەزالی و دیکارت لە بابەتەکانی گومان و زانین

✓ گومانەکەی دیکارت تەنها لە چوارچێوەی گومانێکی فەلسەفی مایەوە، بەڵام گومانەکەی غەزالی هەم گومانێکی فەلسەفی هەم گومانێکی دینی بو، کە ئایینیش بەپێی تایبەتمەندی خۆی گشتی و سەرجەمەییە بەمەش گومانە میتۆدییەکەی غەزالی سەرجەمی و گشتی بو ڕوەو سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیان.

✓ هەردوکیان لەو باوەڕەدان کە ڕێگەیەک بۆ ئاشکراکردنی ڕاستی هەیە، کە گومان و ئامانج و میتۆدەکەیەتی، بەڵام مەبەستی هەردوکیان لە گەیشتن بە ئامانجەکە لێک جودا بو (بهنیافر و اریا، ١٣٩٥، ١٧٨-١٧٩). واتە لەگەڵ ئەوەیدا کە دەستپێک بزوتنی هزرییانەی هەریەکێکیان بریتی بو لە گەیشتنێکی هاوشێوە لەگەڵ یەکدی کە بریتییە لە ڕاستی و دڵنیایی؛ بەڵام لە ئەنجامدا ئەوان گەیشتنە

دو خاڵی لێکجیاواز کە بۆ هەردوکیان خاڵی ڕاســـتی و دڵنیایی بو بەڵام هەریەکێکیان لە پنتێکی لێک جودا بانگی گەیشتن بە ڕاستیدا ڕاگەیاند.

✓ ڕزگاربون لە گومان لەنێوان غەزالی و دیکارت جیاوازی هەبو، چونکە غەزالی لەڕێگەی میتۆدی عیرفانی لە گومان ڕزگاری بو، لە کاتیکدا دیکارت لەڕێگای ســـەلماندنی کۆگیتۆکەی و پەیڕەوکردنی ڕێگای ئاوەزی لە گومان دەربازی بو.

✓ غەزالی سەرسەختانە دژی فەلسەفە بو، لە کاتێکدا دیکارت فەلسەفەی بە میتۆدی گەیشتن بە ڕاستی و دانایی دەزانی.

✓ دیکارت لە ڕێگەی گومانەوە بە دڵنیایی"یەقین" دەگەیشت، بەڵام غەزالی لە گومانەکەی خۆی بۆ دڵنیایی پێشوی گەڕایەوە، هەڵبەتە ئەو گەڕانەوەیەی خۆی وەک بەخشش و چارەسەرێک و بە کاری خودایی دەزانی (پیری، ١٣٩١، ١٧٢-١٧٣)، واتە ئیمامی غەزالی لە ســـەرەتادا دڵنیاییەکی تەواوی بەو بیروباوەڕ و بۆچونە دینییانە هەبو کە لێوەی دەســـتی بە گومانەکەی کرد، بەڵام ئەمە بۆ دیکارت بە جۆرێکی دیکە بو لای ئەو لە بنەڕەتەوە پیدراوەکانی وەک ڕاســـتی پەســـەند نەکرد و ئەنجامەکەشـــی جودابو لە بیروبۆچونە سەرەتاییانەی کە ئەو سەرەتا وەک ڕاستییەکی وەرگیراو لێی دەڕوانین.

✓ بیرۆکەی خوداوەندی گومڕاکەر و شـــەیتان بەڕونییەکی کەمتر لای غەزالی ئامادەیی هەبو، بەڵام بیرۆکەی ئەمە لای دیکارت ڕونی زیتری تێدا بەدی دەکرێت (بلدي، ٤٨-٥٣). لە پرســـی گومان لە خوداوەند دیکارت پێداگرتر بو بەراورد بە غەزالی، بەڵێ غەزالی لە قۆناغێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە گومان لە سەرجەم شتەکان دەکات و هیچ شتێک وەک ڕاستی و دڵنیایی وەرناگرێط؛ بەڵام لە هەناوی قوڵایی ئەم گومانەدا نەگەیشـتنە گومانێکی بەهێز سـەبارەت بە بونی خوداوەند بەڵام ئەمە لای دیکارت لە قۆناغی ڕێگەبڕینی گومانی مێتۆدییانە ئەمە بەدیدەکرا.

✓ غەزالی گومـانەکەی بەجۆرێـک بو نەی دەتوانی لە نێوان بە ئـاگـا بون و خەو بینین دا جیاوازی بکات، وەک ئەوەی وتراوە ئێمە کاتێک خەو دەبینین خەیالی وەها دەکەین ئەو خەو بینینە دروســـت بێت، بەلام کاتێک بۆمـان دەردەکەوێت کە خەومـان بینیوە ئەوکاتەیە کە بائاگاین، ئەو دەربڕینەی غەزالی لە دۆخی گوماندا دەریدەبڕین خســـتبویە نێو قەیرانێکی ئاوەزی(عقلی) و گیانییەوە، بە جۆرێک ژیانی تێک دابو کە دایبڕی بو لە ســـەرجەم کایەکانی ژیان وەک خوێندن و تەنانەت خێزانەکەشی (زیدان، ١٩٨٩، ١٧٨). بەڵام دیکارت تا ئەو جێگەیەی گومانی کرد لە جیهانی دەرەوە وتی: " بە چی دا بزانم لە خەو دانیم؟ ڕەنگە بەو جۆرە نەبێت کەمن هەست دەکەم، یان بیر دەکەمەوە یا خود پێیان وتوم، هەمو ئەوانەی وەک ئەوەی لە دونیای خەودا دەی بینم، تەواو خەیالات بێت. ئەســـڵەن

ڕەنگە شەیتانێکی بەدکار فریوم دەدات بەم جۆرە جیهانم نیشان دەدات؟دیکارت گومانی لەهەر شتێک کرد هیچ بنەمایەکی باوەڕ پێکردنی نەهێشتەوە (حەقپەرست، ٢٠٠٩، ٤٧). لەلایەکی دیکەوە غەزالی گومانی لە ڕێگای زانینی (سێنسی و ئاوەز) ی هەبو بۆ گەیشتن بەو زانینە یەقینەی کە داوای دەکرد، بۆیە ڕێگایەکی تری هەڵبژارد ئەویش ڕێگای (سۆفیزمە) بۆ گەیشتن بە زانین، چونکە ئەو ڕێگەیەی ئەو جیاوازە لە زانین لە ڕێگای سێنس و ئاوەزەوە، زانینی سۆفییەکان لەسەر دۆزینەوە-ئاشکراکردن(کەشف) وەستاوە، ئەمەش لە ڕێگەی پاکردنەوەی دەرونی کەسی سۆفییە لە سەرجەم کردەوەیەکی ناشیرین، لەم ڕێگەیەوە بە ڕاست یان زانینی دڵنیایی دەگات (کارادوڤو، ١٩٨٤، ١٨٢).

دیکارت لەسەرەتادا بۆ دەست ڕاگەیشتن بە زانینی یەقین لەخۆی پرسی: "ئایا لە ڕاستی دا بنەمایەک بونی هەیە، تا بتوانم گشت زانیاری و فەلسەفەی لەسەر بنیات بنێم و جێگای گومان نەبێت؟ چارەی دیکارت بۆ ئەم مەبەستە بریتی بو لەوەی کە لەهەر شتێک گومان بکات". ئەو دەیویست هەمو شتێک لەسەرەتاوە دەست پێبکات هەر بەم هۆیەش بە پێویستی دەزانی کە بەهەمو زانیارییەکانی خۆی لە بەرهەستییەکان و ماقوڵات و بیستراوەکاندا بچێتەوە (حەقپەرست، ٢٠٠٩، ٤٦-٤٧). بەهۆی ئەمەشەوەیە کە توێژەرانی بواری فەلسەفە گومانە میتۆدییەکەی دیکارتیان ناونا گومانی میتۆدی و ڕێگەبڕینی فەلسەفییانە لەپێناو ئامانجێکی دواتر و بە کەڵکتردا.

غەزالی پێیوایە کە مرۆڤەکان یەکسان نین لە چۆنیەتی بەدەستهێنانی زانست، هەروەها لەوەشدا یەکسان نین کە چ ڕێگایەک بگرنە بەر بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانین، غەزالی پلەکانی زانین دابەش دەکات بۆ سێ پلە (یەکەم: بیروباوەڕی خەلکی گشتی "العوام"، دوەم: بیرو باوەڕی زاناکان "العالم "، سێیەم: بیروباوەڕی سۆفییەکان " الصوفیە") زانینی سۆفییەکان پلەیەکی باڵای هەیە لە چاو هەردو جۆرەکەی تری زانین، زانینی سۆفییەکان زانینێکی ڕاستەقینەیە و هیچ گومانێکی لەگەڵدا نییە، چونکە لە سەرچاوەیەکی بێ کەموکورتی ئەم زانینە دەستدەکەوێت، ئەویش خودایە، کە بەدەرە لە هەڵە، کەواتە زانینی سۆفییەکان "ئاشکراکردن و دۆزینەوەو بینین"ە (حلمی، ١٩٧٠، ١٣١-١٣٢)، بەڵام لای دیکارت ئاوەز و هزرین یەکێکە لە هەبوە ئاشکراکانی مرۆڤ و بە یەکسانی لەنێوان سەرجەم مرۆڤەکاندا بونی هەیە.

لەلایەکی دیکەوە غەزالی پێیوایە بەڵگەی ئاوەزی و سێنسەکان ناتوانن بمان گەیەننە زانینی دڵنیایی، بەمشێوەیە ئەو بە ئەزمونێکی سەختی گومان لە ئاوەز و سێنس تێپەڕی، دواتر چوە ژێر چاودێری خوایاتییەوە بۆیە دەڵێت: "دەرونم گەڕایەوە بارێکی ئاسایی و دروست، زەرورەتە ئاوەزییە باوەڕپێکراوەکان گەڕانەوە باری ئاسای خۆیان، ئەوان بە هۆی ڕێکخراوی بەڵگەکان و ئاخاوتنەوە نەبون، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو ڕوناکییە (نور)ەوە بو، کە خودا بە مەزنی خۆی خستییە دڵم، ئەو ڕوناکییە کلیلی زۆربەی زۆری زانینەکانە، هەر کەسێک باوەڕی وابێت دۆزینەوەی لەسەر بەڵگەی ئازاد یان سەربەخۆ وەستاوە لە بەزەیی خودا بۆ خۆی کەم دەکاتەوە "مەبەست لەم ڕوناکییە دۆزینەوەی دەرونە بە سوسەزانی/بۆهاتن (حدس)

ئەم سوسەیەش سەرچاوەی یەکەمی زانینە لای غەزالی کە لە سەروی ئاوەزی و هەستییەوەیە"، غەزالی لە ڕێگەی سوسەوە لە گومانکردن ڕزگاری دەبێت، بەمشێوەیە ئاماژە بە میتۆدی کەشفی سۆفی دەدات وەک سـەرچاوەی زانینی یەقینی و ڕەها سـوفییەکان خۆیان لە دۆخێک دەبیننەوە، کە بێ ئاگان لە خۆیان و دابڕاون لە هەستەکانیان و دۆخێکە لەگەڵ ئاوەزدا ناتەبایە (غەزالی١٩٦٠، ٢٥)، لەم تێهەڵچونەوەوە؛ دیکارت پنتێک دەدۆزێتەوە کە شیاوی گومان لێکردن نییە: گەر من سەرجەم پێشبینیەکان لە دەرونم دور بخەمەوە، ئەوا هەر خودی من دەمێنێتەوە: واتا ئەوە دەمێنێتەوە کە گومان دەکات. من ناتوانم لە لێرە بونی خۆم گومان بکەم، چونکە بۆ ئەوەی من بتوانم گومانی لێ بکەم، ئەوە من، خودی گومانکار، دەبێ هەبم. کەواتە: کاتێک من دەهزرێم (گومان دەکەم)، ئەوە من هەم. ئەمە بریتییە لە جەخترین زانین کە بشـێ من هەم بێ. ئەم زانینەی من ڕون و ئاشـکرایە و هاوکات نیشـانم دەدات، جەوهەری ڕاسـتەقینەترینی دەرون خۆی لە ئاوەز و هزریندا دەبینێتەوە (جلال، ٢٠٠٨، ٤٤). پێمانوایە ئەمەش جۆرێکە لە بانگەشـەی ئاشـکرای دیکارت بۆ "سـەرەوەری یاخود ڕۆشـنگەری ئاوەز" سـەبارەت بە سـەرجەم بون و مێتافیزیک و دیاردەکانی دەوروبەر.

## باسی دوەم: کاریگەری غەزالی لەسەر دیکارت

غەزالی کاریگەری ڕون و ئاشـکرای لەسـەر جیهانبینی و هزری ئەوروپی هەبوە، تەنانەت لەسـەر هزری مۆدێرنی ئەوروپی، بە تایبەت ئەو کاریگەرییە لە ڕێگەی (رایمۆند مارتین)ەوە گوازراوەتەوە بۆ (تۆمای ئەکوینی) و (بلێز باسـکال). ئەمەش بە ڕونی لە کتێبەکەی (رایمۆند مارتین)دا بە ناوی (تانەی نەوەکان دژ بە خۆرئاوایی و جولەکەکان) دەردەکەوێت کە بەڵگەکانی لە کتێبە بەناوبانگەکەی غەزالی (تهافت الفلاسـفة) وەرگرتوە (زقزوق، ١٩٩٨، ٤٢). هۆی ئەو بۆچونەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە غەزالی چەندین سـەدە و ماوەیەک دور بەر لە سـەرهەڵدانی فەلسـەفەی مۆدێرن بەتایبەت فەلسـەفەی دیکارت ژیاوە و دنیابینە فەلسـەفی و ئایینی و لێوربونەوە تاک-ییەکانی ئاوەڵا کردوە، بەجۆرێک کە کاریگەریی هزری خۆرهەڵاتی لە هزر و بیری فەیلەسوفانی دیکەشەوە بۆ فەیلەسوفانی خۆرئاوایی دەرکەوتوە.

چونکە بۆ نمونە، دیکارت نزیکەی (٤٩٠) سـاڵ دوای مردنی غەزالی لەدایکبوە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە لە دو سـەردەمی لێکجودا ژیاون و ناشـێ لەڕێگەی ئاشـنایەتی ڕوبەڕو یاخود بینینەوە، دیکارت کاریگەر بوبێت بە ئەو، بەڵکو ڕەنگە دیکارت لەڕێگەی بەرهەم و نوسینەکانی غەزالی؛ ئەوی ناسیبێت و لە گۆشە و ڕەهەندی فرەلایەنەوە کاریگەر بوبێت پێی، هەروەک لەوبارەوە فەیلەسوفی پاکستانی " Mian Mohmmed 'Sharif'1893-1965" لە پەرتوکی "A History of Muslim Philosophy" ئاشکرای کردوە کە لێکچونی بێشـومار لەنێوان فەیلەسـوفانی هەردو لا "خۆرئاوایی و خۆرهەڵاتی"دا هەیە، بەشـێک لەوانە پەیوەندیدارن بە: "میتۆد، شـێوازی هزرین، ئامانج، ئەنجام، سـروشـتی دارشـتنی بینای فەلسـەفەکەیان...هتد"، بۆ نمونە

چەمکی یەکایەتی لای سپینۆزا تەواو یەکدەگریتەوە لە فەلسەفە یەکایەتییەکەی ئیبن عەرەبیدا (Al- Milad, 2022) (Al-Shafi, 2023, 15). هەر لەم بوارەدا، دیکارت-یش یەکێک بوە لەوانەی کاریگەر بوە بە غەزالی، تەنانەت ئەگەر دیکارت لە نوسینەکانی خۆیدا هیچ ئاماژەیەکی بە نوسین و دەستەواژە و سەرچاوەی غەزالی نەکردبێت؛ هێشتا ناتواندرێت نکوڵی لە کاریگەری غەزالی لەسەر ئەو بکرێت، هەروەک لە میتۆدی گومانی لەنێوان هەردو فەیلەسوفدا ئەم کاریگەری و هاوشێوەییە نادیدەناگیرێت (Al-Shafi, 2023, 15). دەتوانین بڵێین کە دەشێ دیکارت لە بەرهەمەکانیدا دانی بەوەدا نەنابێت کە غەزالی ناسیوە و سودی لە هزرە تایبەتەکەی وەرگرتوە بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە بگەینە ئەو بۆچونەی کە دیکارت کاریگەرنەبوە واتە دان-نەنان بە کاریگەرێتییەک بە نەبونی کاریگەرییەکە نییە، بەڵام بونی هاوشێوەیی لە میتۆدەکەیاندا ئاماژە و بەڵگەیەک دەداستە دەست توێژەر کە بتوانین بڵێین دیکارت ئیمامی غەزالی ئامادەیی هەیە لە هزری دیکارتدا.

نوسەر و فەیلەسوفی میصری "Dr. Ibrahim Madkour" لە پەرتوکی : "Islamic Philosophy, Methods and Applications" ئاماژە بەوە دەکات کە کۆگیتۆی دیکارت تەنها ناگەڕێتەوە بۆ تۆماس ئۆگستین، بەڵکو بنەڕەتی ئەم تێگەیە بۆ ئیبن سینا دەگەڕێتەوە (Al-Milad, 2022). لەگەڵ ئەوەیدا بۆچونەکان نیشانی کاریگەربونی دیکارت بە غەزالی دەردەخەن بەتایبەت لە میتۆدە گومانییەکەیدا؛ بەڵام یەکێکی دیکە کاریگەرییەکانی هزری خۆرهەڵات لەسەر هزری خۆرئاوا لەسەر هەمان فەیلەسوف بریتییە لە کاریگەری هەریەک لە "ئۆگستین و ئیبن سینا" لە دەستەواژە بەناوبانگەکەی دیکارتدا کە گوتی "من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم" مانای ناوەرۆکی ئەم دەستەواژەیە لە فەلسەفەی هەریەک لە ئۆگستین و ئیبن سینا-دا درکی پێدەکرێت بەڵام بەجۆر و تایبەتمەندی خۆی بەتایبەت لە پرسی "دانپێدانان"ی ئۆگستین و فەلسەفە دەرونییەکەی ئیبن سینا-دا.

لەلایەکی دیکەوە هزرمەندی پاکستانی (Massarat Husein Zuberi'1920-1964) پێیوایە کە هیچ ئاماژەیەکی ڕاستوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە دیکارتەوە سەبارەت بە فەیلەسوفانی مسوڵمان نییە، بەڵام کاتێک سەرنج دەدەینە ئەو ڕۆشنبیران و ئەو زانکۆیانەی کە لەمدواییانە دامەزراون؛ کاریگەری ئەو ئایدیا تایبەتانە دەبینین کە لەڕێگەی وەرگێڕانەکانی تێکستەکانی "ئیبن سینا، ئیبن ڕوشد و غەزالی" بەدەستهێنراون (AL-Shafi, 2023, 16)، واتا بە وردبونەوە لە تێڕامانە قوڵەکانی هزرمەندانی خۆرئاوا؛ کاریگەری هرزمەدانی مسوڵمان بەدیدەکرێت، بۆ نمونە؛ لە پرسی هارمۆنی پێشچەپێنراو لای لابنیتر، ئاماژەی قوڵی باوەڕدارێتی بە هەبونی خودایەکی باڵاتر لە مرۆڤ هەیە کە شتەکان ڕێکدەخات، ئەمەش قوڵی فیکری فەیلەسوفانی ئیسلامییە (Milad, 2022)، لێرەوە بەتێڕوانینی "زوبێری" دیکارت کاریگەر بوە بە غەزالی، لەبەرئەوەی سەدان ساڵ بەر لە لەدایکبونی دیکارت؛ لە سەدەی "١٢"ی زایینیدا زۆرینەی کارەکانی هزرمەندە مسوڵمانەکان وەرگێڕدرابونە سەر زمانی لاتینی، ئاشکراترینیان بریتییە لە هاوشێوەیی نێوانیان لە پرسی

دوالیزمەکەیان و میتۆدی گومان-یان(AL-Shafi, 2023, 16)، بەهۆی ئەم لێکدانەوانەوە دەتوانین بگەینە ئەو بۆچونەی کە، فەلسەفە مۆدێرنەکەی دیکارت ڕێچکەی غەزالی گیراوەتەبەر و لە گومانە میتۆدییەکەیدا ئەمە گەیشتۆتە لوتکە، گەر ئەنجام و ئامانجیشیان بۆنمونە؛ یەکیان گەیشتن بێ بە نوری خودایانە، ئەوی دیکە پێداگری بێت لە فەلسەفەی ئەقڵانی یاخود تێگەشتنێکی مرۆییانە بێ.

دیکارت هاوشێوەی غەزالی، پێیوایە ڕێنماییەکانی دەسەڵات ناڕازیکەرن. جەختکردنەوەی دیکارت لە ڕاستێتی ماتماتیک و دڵنیاییەکەی؛ هاوشێوەی غەزالییە کە پێیوابو ماتماتیک پێوەرێکی گشتییە و چواندنی بۆ زۆرینەی هەرە زۆری زانستەکان هەیە، زیاتر لەمەش، دەستبەرداربونی دیکارت لە خوێندنی فەرمی و گەشتکردن بە وڵاتاندا، ئاماژەی هاوشێوەیی دیکارتە لەگەڵ غەزالی (Al-Shafi, 2023, 17). چونکە غەزالی زۆر پێش دیکارت لە بەرهەمەکانیدا ئەم لێکدانەوە و تێڕوانینانەی ڕاگەیاندبو، هەروەک لەبواری ڕاستێتی ماتماتیک و گەڕان بۆ پێگەیشتن لەڕێگەی ئەزمونکردنی گەشت و گەڕان.

بەمشێوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە فەلسەفەی دیکارت زۆرتر لە بوارەکانی "میتۆدی و سروشتی هزرین" یەکدەگرێتەوە، بەڵام ئەنجامی بەدەستهاتویان تەواو لێکجودان، ئاوەز و لۆژیک کەڵکیان نابێت بۆ گومانەکەی غەزالی و ئەنجامی گومانەکەی ئەو هاوشێوەی هزری ڕۆژهەڵات بە گەڕانەوە بۆ جێگری و نەگۆڕی کۆتایی دێت، لەکاتێکدا گومانەکەی دیکارت هاوشێوەی هزری ڕۆژئاوا دەگات بە لۆژیک و گۆڕانکاری و کارتێکردن، ئەمەش واتا دەستپێکی هاوشێوە و ئەنجامی لێکجودا (Al-Milad, 2022). واتە لەگەڵ ئەوەیدا نزیک بوینەوە لە سەلماندنی ئامادەیی غەزالی لە فەلسەفەی دیکارت-دا بەڵام دواجار هەریەک لەم دو بیریارە ڕێچکە دیارانە لە خاڵێکی کۆتاییدا گەیشتنەوە پنتێکی سەرەتا کە بۆ غەزالی پنتێکی دینی و ڕۆژهەڵاتییانە بو؛ بۆ دیکارت پنتێکی فەلسەفی و ڕۆژئاواییانە بو.

## ئەنجام

- ✓ گومانی میتۆدی لای غەزالی و دیکارت لەســــەر بنەمای ئەزمون و هەوڵی تاک و تێڕامانی فەلسەفی بنیاد نراوە.
- ✓ هەریەک لە غەزالی و دیکارت داوای دورکەوتنەوەیان لە بڕیارە پێشــــینەکان و وەهم و خەیال و لاسایکردنەوە کردوە.
- ✓ غەزالی و دیکارت پشتیان بە میتۆدێک بەست، کە بناغەکەی گومانە، ئەمەش بە دورکەوتنەوە و دەســتبەرداربون لە میتودە پێشـینەیی و نەریتییەکان و ڕەتکردنەوەی فرە ڕاسـتی و گەڕان بە دوای یەک ڕاستیدا.

- ✓ غەزالی پرسی خۆناسین و ئیمان دێنێتە ناو فەلسەفەکەی، زانین بە میتۆدی سۆفیزم لە ڕژانی نوری خوا لە دڵدا بەدەست دێنێت، لە کاتێکدا دیکارت زانین لە ئاوەزدا و بە میتۆدی ئەقڵگەرایی بەدەست دێنێت، بەڵام سەرەنجام هەردوکیان دەگەن بە ڕاستی.
- ✓ غەزالی هەوڵدەدات بە ناسین و تێگەیشتن لە خود و گەیشتن بە خودا گومانەکان بڕەوێنێتەوە، بەڵام دیکارت، گومان لە هەمو شتێک دەکات پاشان ڕاستی هەمو شتێک ڕەتدەکاتەوە، تاکە شتێک کە ڕەتی ناکاتە خودی گومانکارەکەیە (من گومان دەکەم).
- ✓ هەرچەندە هەردوکیان میتۆدی سوسەزانی/بۆهاتن (حدس) بەکاردێنن. بەڵام ڕێگای دەرچون لە گومان لەنێوان غەزالی و دیکارت جیاوازە، دیکارت خۆی دۆزیەوە لە ڕێگەی گومان بەرەو سەنتەربونی ئاوەز و کۆجیتۆکەی کە ڕۆشنکەرەوەی ئەقڵە، بەڵام غەزالی وەک سۆفییەک چاوەڕێی ڕاستییەکە، کە لەلایەن خوداوە بۆی ئاشکرا بکرێت و دڵی ڕۆشن بکاتەوە.
- ✓ هەرکام لە غەزالی و دیکارت، گومانی ڕەها و مانەوە لە بازنەی گوماندا ڕەتدەکەنەوە و بەشێک نین لە فەلسەفەی گومانگەرایی ڕەها، بەڵکو گومان وەک پنتی دەسپێک و فەلسەفاندن و گەڕان بە دوای پرسی زانین دادەنێن بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دڵنیایی.

# Doubt Method Between (Al-Ghazali and Descartes)
# (A Comparison Analytical Research)

**Kaify Abubakr Hamad**[1] **Jutyar Ismael Jamal**[2] **Aram Qadir Sabir**[3]

[1+2+3] Department of Philosophy and Development, University of Raparin, Kurdistan Region-Iraq.

## Abstract

This research, The Method of Doubt between (Al-Ghazali and Descartes), interprets and explains the similarities and differences of the two philosophers on the issue of knowledge from doubt to certainty. In order to understand the truth and different dimensions of this issue, which belongs to two different worldviews and eras in the medieval Islamic and modern European world, the theses and arguments of both philosophers on doubt as the beginning and path to knowledge and certainty are discussed. This is done by highlighting their main views on their chain of reasoning, how arguments begin with the precedence of doubt until they reach the truth. Although most of their arguments are similar, but they differ in the way they get rid of doubt and reach certainty. This radical difference is that Descartes reaches certainty and truth through doubt, within rational thinking, and his Cogito (I think, Therefore I am), but Al-Ghazali in his Sufi Philosophical journey (Mysticism), he waits for the truth to be revealed to him by God (Allah) and put into his heart as a bright and illuminating light, which is a kind of enlightenment of the heart.
However, despite the methodological differences between both of them in the Rational and the heart knowledge, doubt and the method of doubt for both are steps towards achieving certain knowledge beyond all doubt, to access emphatic knowledge, but each gives different status to consciousness and emotion, as well as to mind and heart. As

a result, we find that the experiences of both philosophers in sustaining preconceptions and methods of arriving at truth are important and unique, even though they belong to two different philosophical and religious worldviews.

**Key Words:** (Al-Ghazali, Descartes, Method, Doubt, Knowledge, Certainly).

## لیستی سەرچاوەکان:

دیکارت، ڕێنێ (٢٠١٦): سێ تێکستی فەلسەفە، و. د. حەمید عەزیز، دەزگای فێربون، هەولێر.

دیکارت، ڕێنێ (2005): چەند وردبونەوەیەک لەبارەی میتافیزیکەوە، و. د. حەمید عەزیز، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.

دیکارت (2015): باسی میتۆد، و. هاوژین مەلا ئەمین و هۆشمەن جەلال، نێوەندی ڕۆشنگەریی، کوردستان.

جلال، کاوە، (٢٠٠٨): ڕێنێ دێکارت (وەرگێران)، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان – سلێمانی.

ڕەسول ئیسماعیل، ڕێبین (٢٠٠٤): ئەپستمۆلۆژیا و فەلسەفە، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین.

شوانی، د. محمەد (٢٠١٥): سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

صالح، هاشم (٢٠١٦): دابڕانی ئەپستمۆلۆژی لە فیکرو ژیاندا، و. شوان ئەحمد، چ٢، چاپخانەی تاران.

عزیز، حمید (٢٠١٦): تیۆری زانینی زانستیانە، چ١، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی دلێر.

غالب، مستەفا (٢٠٠٥): دیکارت دامەزرێنەری فەلسەفەی مۆدێرن، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

کۆربین، هێنری (٢٠١٨): مێژوی فەلسەفەی ئیسلامی، و. عومەر علی غفور، چاپخانەی تاران.

نەقشبەندی، ئەمین شێخ علاءالدین (٢٠٠٢): تەسەوف چیە، چ١، چاپخانەی ئوفیسی ژین، سلێمانی.

**گۆڤار:** حەقپەرست، ناصر (٢٠٠٩): گۆڤاری ئایدیا، ژمارە١٩–٢٠.

Mohammed Muneer'deen Olodo Al-Shafi'I and Others, (2023), AL-GHAZALI'S INFLUENCE ON WESTERN PHILOSOPHY, the International Journal of Islamic Products and Malay Civilization, https://journal.unisza.edu, e-ISSN : 2948-4251, Available at: https://www.google.com/search?sca_esv=573498539&rlz=1C1OKWM_enIQ983IQ983&q=AL-GHAZALI%E2%80%99S+INFLUENCE+ON+WESTERN+PHILOSOPHY:+A+PRICKLY+STUDY+ON+YOUNG+MUSLIMS%E2%80%99+AWARENESS&spell=1&sa=X&ved=2ahUKEwiZ75KYqPaBAxVwVfEDHeBJC48QBSgAegQICBAB&biw=1366&bih=657&dpr=1

بدوي، عبدالرحمن (١٤٢٧هـ): موسوعة الفلسفة، ج١-ج٢. سليمانزاده، قم.

بلدي، نجيب (بدون سنة طبع): ديكارت، دار المعارف، ط٢، مصر.

حلمي، محمد مصطفى(١٩٧٠): الحياة الروحيه فى الاسلام، الهيئة المصرية العامة للتاليف و النشر، القاهره.

ديكارت، رينه (١٩٣٠): مقال عن المنهج، ت. محمود محمد الخضيرى، المطبعة السلفية، القاهره.

زقزوق، د. محمود حمدى (١٩٩٨): المنهج الفلسفى بين الغزالى و ديكارت، ط٤، دار المعارف، القاهره.

زيدان، محمود (١٩٨٩): نظريه المعرفة عند مفكر الاسلام و الفلسفة الغرب المعاصرين، دار النهضة العربية، بيروت.

صليبا، جميل (١٣٨٥ش): المعجم الفلسفي، ج٢، ط١، مطبعة سليمانزاده، ايران.

عبدالمهيمن، احمد (٢٠٠١): نظرية المعرفة بين ابن رشد و ابن العربى، ط١، دارالوفاء لدنيا الطابعة والنشر، الاسكندرية.

الغزالي، حجة الاسلام ابو حامد (1990): رسالة في المعرفة، تحقيق: د. مهند الاعسم، الطبعة الاولى، بغداد.

الغزالى(١٣٨٣): مشكاة الأنوار، تحقيق ابو العلا عفيفي، دار القومية الطباعة والنشر، القاهرة.

الغزالي، ابو حامد (١٩٦٠): المنقذ من الضلال، تحقيق، جميل صليبا و كامل عياد، ط٦، مطبعة بيروت.

الغزالي، الامام(١٩٦٤): ميزان العمل، حققه وقدم له: سليمان دنيا، ط١، الناشر:دار المعارف، مصر.

الفلاحي، عبدالله محمد(د. س): نقد العقلي بين الغزالي و كانت، ط١، المؤسسة جامعة الدراسات، بيروت،

كارادوڤو، اباروف (١٩٨٤): الغزالى، ت. عادل زعيتر، ط٢، المؤسسة العربية لدراسات والنشر التوزيع، بيروت.

مرحبا، محمد عبدالرحمن (٢٠٠٧): من الفلسفه اليونانية الى الفلسفة الاسلامية، ط٢. م٣، عويداد للنشر والطباعه، بيروت.

غالب، مصطفى (١٩٧٩): فى سبيل موسوعة الفلسفية، موسوعة الفلسفية شاملة، منشورات دار ومكتبه الهيال، بيروت.

Al-Ghazali. 2006. Deliverance from Error (Al-Munqith min al-Dalal). Translated by J. McCarthy. Fons Vitae.

Rene Descartes. 1999. The Philosophical Writings of Descartes. Translated by John Cottingham, *Robert Stoothoff, Dugald Murdoch, 2 Volumes. Cambridge University Press.*

Alwahaib, Mohammed, (2017). al-Ghazali and Descartes from Doubt to certainty: a phenomenological approach, *Discusiones Filosófi cas, ISSN, 0124-6127 (Impreso), ISSN 2462-9596 (En línea), pp. 15 – 40.*

دكارت، رنه (١٣٨٤): اعتراضات و پاسخها، ت: على افضلى، علمى و فرهنگى، تهران.

بهارنژاد، زكريا (١٣٨٩): مقايسه شک امام محمد غزالى و رنه دكارت، آينه‌ى معرفت، شماره نه، صص ١٢٥-١٥٤.

بهنيافر، مهدى و اريا، نبى (١٣٩٥): گونه‌شناسى "شک" در انديشه غزالى و دكارت، مجله علمى و تخصصى فلسفه دين، الهيات و دين پژوهى، سال دوم، شماره 3، صص ١٥٩-١٨٢.

پيرى، على (١٣٩١): بررسى تطبيقى شک در امام غزالى و دكارت، فصلنامه تخصصى فلسفه و كالم، شماره چهارم، صص ١٥٩-١٧٥.

محسنى، اعظم وسيف، سيد مسعود (١٣٩٧): در باب يقين ويتگنشتاين و نقد برهان خواب دكارت، پژوهش هاى معرفت شناختى، شماره١٦.

Al-Milad Zaki. (2022), Early Muslim Philosophers and Modern European Philosophers, is there any Relation? Translated by: Rehab Jamal Bakri, http://www.khotwacenter.com, Available at:

http://www.khotwacenter.com/early-muslim-philosophers-and-modern-european-philosophers-is-there-any-relation/

## پەراوێزەکان:

[1] **پایرۆنیەکان:** قوتابخانەیەکی گومانگەرای بون گەورەکەیان ناوی پیرۆن بو(٣٦٥-٢٧٥) یەکێک بو لە قوتابخانە بچوکەکان لە دوای سوقرات لە یۆنان دا، زانینی جەختیان ڕەت دەکردەوە.

[2] **غەزالی:** ناوی ئەبو حامید ئیبن محمد ابن محمد التوسی الشافیعی غەزالی یە، لە ساڵی ٤١/٤٥٠ کۆچی/١٠٥٨ کۆچی لە شاری توس لە خوراسان، "ناوچەیەکی ئێران" لەدایک بوە. باوکی لە کاتێکدا کە هێشتا زۆر بچوک بو کۆچی دوایی کرد بەڵام دەرفەتی بەدەستهێنانی خوێندنی لە مەنهەجی باوی نیشاپور و بەغدا هەبو. زۆری نەخایاند ئاستێکی بەرزی زانستی لە بواری ئایین و فەلسەفەدا بەدەستهێنا و بە دەستبەکاربونی وەک مامۆستایەک لە زانکۆی نیزامیەی بەغدا کە وەک یەکێک لە دامەزراوە بەناوبانگەکانی فێربون لە سەردەمی زێڕینی مێژوی موسڵمانان ناسێندرا، ڕێزی لێگیرا. بەڵام دوای چەند ساڵێک دەستبەرداری کارە ئەکادیمییەکان و بەرژەوەندییە دونیاییەکان بو، بو بە زاهیدێکی سەرگەردان. ئەمە پرۆسەیەکی گۆڕانکاری عیرفانیی کەسی بو. دواتر دەستی بە ئەرکەکانی مامۆستایی کردەوە، بەڵام دیسانەوە ئەمانەی جێهێشت. پاشان سەردەمێکی ژیانی تاکەکەسی، تەرخانکراو بۆ تێڕامان و نوسین بەدوای خۆیدا هێنا، کە بوە هۆی نوسینی ژمارەیەک کتێبی هەمیشەیی، غەزالی: وەک لە زانایەکی کەلام و فەیلەسوف و سۆفیەکی ئیسلام ناسراوە، لە ساڵی ٥٠٥ کۆچی/١١١١ی زایینی لە توس کۆچی دوایی کردوە.

[3] **ئینتوئیسیۆن (حدس/Intuition):** لە هەندێ سەرچاوە سوسە یان سوسەزانی بۆ دانراوە و لای هەندێ توێژەریش کراوە بە بۆهاتن، ڕوانینی ڕون و ئاشکرای ناخ دەگەیەنێت و هێزێکی ناخەکی و ڕەمەکی سروشتییە لە مرۆڤدا.

[4] **دیدۆکسیۆن (الاستقراء/Deduction):** ڕێسایەکی بەڵگەکاریی لۆژیکییە، لە تێگەڕان لە تاکەکان و بردنەوەی یاسا و دەرەنجامی گشتیتی لە دەرکپێکراوە هەستەکییەکانەوە. بۆ نمونە لە ئانجامی بینین و پشکنینی تاک بە تاکی باڵندەکان، کە هەریەکەیان دو باڵیان هەیە، دەگەین بەو دەرەنجامەی بڵێین: سەرجەم باڵندەکان دو باڵیان هەیە.